یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی



ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5722) سێ شەممە 2ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

«خەبات»

لەکات و ساتێک لە دایک بوو کە دۆزی کورد پێویستی بە ڕۆژنامەیەک هەبوو بەرگری لە داوای ڕەواو زمانی شیرینی کوردی بکات.

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 47 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی خەبات)

حیسابی کورسی لەگەڵ یەکێتی ناکەین، بەڵام نابێ ئەوانیش چاوەڕێی پەنجا بە پەنجای جاران بکەن

فازڵ میرانی: پارتی و یەکێتی بەرەو ڕێککەوتن هەنگاو دەنێن

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: پارتی و یەکێتی لە ڕێگادان بەرەو ڕێککەوتن، چونکە بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییمان لە ئەستۆ دایە، هەروەها گوتیشی: من پێشتر گوتوومە ئێمە حیسابی کورسیی لەگەڵ یەکێتی ناکەین، بەڵام نابێت یەکێتیش چاوەڕێی پەنجا بەپەنجای جاران بێت. فازڵ میرانی، لە گفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا رایگەیاندووە: پارتی و یەکێتی لە ڕێگەدان بەرەو ڕێککەوتن، بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە هیچ کامان بەدیلی ڕێککەوتنمان نییە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دهۆک.. ئاهەنگی جەژنی ئەکیتۆ - سەری ساڵی بابلی ئاشووی 6769 بەڕێوەچوو (ڕاپۆرتێک لە ل6 بخوێنەوە)



ژمارەیەک کونسوڵگەری و دیبلۆماتکارانی بیانی سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد

لە ساڵیادی لە دایکبوونی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان ژەنەراڵ مستەفا بارزانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە یاوەری شاندێکی دیبلۆماسی و نوێنەری وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد و لەلایەن خەڵات بارزانی نوێنەری تایبەتی سەرۆک بارزانی پێشوازی کران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت

هەفتەی ئایندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت

بڕیارە ئەمڕۆ سێ شەممە 2019/4/2 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و ئەندامێکی لیژنەی یاساییش رایگەیاند: پێشبینی دەکرێت هەفتەی ئایندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عادل عەبدولەهدی لەوە گەیشتووە کە پارتی حزبێکی مەرکەزییە

جەمال کۆچەر: دەبێ ئەمساڵ پرسی شنگال و ماددەی 140 و بودجەی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند ، سەرۆکوەزیرانی عێراق لەوە گەیشتووە، کە پارتی حزبێکی مەرکەزییە. جەمال کۆچەر، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاندووە کە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق هەمان شێوازی کارکردن لەگەڵ کابینەی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کابینەی نوێ دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ململانێی ڕووسیا و ئەمەریکا لە ناوچەکە وادەکات کوردستان ببێتە شوێنێکی گرنگ بۆ بازاڕی ئەورووپا

سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک سەبارەت بە دۆخی وزەی کوردستان لە نەخشەی بازاڕی وزەی جیهان ڕایگەیاند کە کوردستان بەهۆی زۆربی یەدەگی نەوت و گازی سروشتییەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی بەهێز بگێڕێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئامادەکاری بۆ سەرژمێریی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت

عەبدولزەهرە هیندیاوی، گوتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی سەرژمێری بەپێی پلانی خۆیان و لە کاتی دیاریکراوی خۆیان، بەڕێوە دەچن. عەبدولزەهرە هیندیاوی هەروەها رایگەیاندووە، کە فەرمانێکی وزاری بۆ پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان و خانووەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەرچووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەشێکی خاکی سووریا لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە داگیرکراوە

لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی سوریا لە ساڵی2011 لە سایەی هەژموونی بیانی و سزا ئەمەریکی و ئەورووپییەکاندا، دیمەشق دەستەوەستانە لەبەردەدان بە ئابووریەکەی، ئەمەش دوای ئەو وێرانکارییەی تووشی ژێرخانی ئابووری و چەند کەرتێک بووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ئەمڕۆ مامەڵەی حاجییانی هەرێم دەست پێ دەکات

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)





دوێنێ شەو لە شاری سۆران بارانێکی بەخوڕ باری و لەچەند شوێنێک لافاو دروست بوو

ئاکپارتی دەیەوێت دەنگەکانی ئیستەنبوڵ بە تەواوی بژمێردرێتەوە



ئاکپارتی لەڕێگەی دەزگاکانی میدیای سەر بە خۆی، سەرکەوتنی لە ئیستەنبوڵ ڕاگەیاندووە، بەڵام بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ڕاگەیەندراوە، ئەو شارە بۆ ئۆپۆزسیۆن یەکلایی بووەتەوەو ئیمام ئۆغلو کاندیدی جەهەپە توانی لەم هەڵبژاردنەدا پێشبڕکێیەکی باش لەگەڵ بینالی یلدرم کاندیدی ئاکپارتیدا بکات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

فازڵ میرانی: پارتی و یەکێتی بەرەو ڕێککەوتن هەنگاو دەنێن

حیسابی کورسی لەگەڵ یەکێتی ناکەین، بەڵام نابێ ئەوانیش چاوەڕێی پەنجا بە پەنجای جاران بکەن



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: پارتی و یەکێتی لە ڕێگادان بەرەو ڕێککەوتن، چونکە بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییمان لە ئەستۆ دایە، هەروەها گوتیشی: من پێشتر گوتومە ئێمە حیسابی کورسیی لەگەڵ یەکێتی ناکەین، بەڵام نابێت یەکێتیش چاوەڕێی پەنجا بەپەنجای جاران بێت.

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە گفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: پارتی و یەکێتی لە ڕێگەدان بەرەو ڕێککەوتن، بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە هیچ کامان بەدیلی ڕێککەوتنمان نییە.

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا، دەربارەی هەمواری پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاندووە: بە یەکێتییمان گوتووە: حەق هەرێم و بۆ بەشداریش لە سەرۆکایەتیی هەرێم هەیە نەک، چونکە ئەوە ئێمە شەش مانگە وەستاوین لە پاڵ ئەوەشدا دەستمانکردووە بە پرۆسەکە و داواش لە شەریکەکانی خۆمان دەکەین، بێن لەگەڵمان بەشدار بن لە پێش هەموویانەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەشبینیشین کە بێن بەشداری بکەن لە پرۆسەی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی گەشبینین، چونکە جیاوازییەکی کەم لە نێوان خواستەکانی یەکێتی و ئێمەدا هەیەو لێکنزیکبوونەوە لە دانوستانەکاندا هەیە. لەبارەی تێپەڕاندنی یاساکان و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، میرانی لە وەڵامدا دەڵێت: لەڕووی جەوهەرەوە یاسایە و ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتاران دەنگی پێدەدەن کە 68 پەرلەمانتارن، بەڵام لەڕووی مەزهەرەوە واجوانترە برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، چونکە سەرۆکی هەرێم هی هەموو هەرێم دەبێت و بە تەنها سەرۆکی پارتی و گۆڕان و تورکمان و ئاشوور نابێت، سەرۆکی هەموو هەرێم دەبێت و ئەوانیش هاوولاتیی ئەم هەرێمەن.

دەربارەی داواکاری یەکێتی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکوومەت و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی پەروەردە و کشتوکاڵ و بەڕێوەبەری گشتی لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەمان پێداون، بەڵام ڕازی نەبوون، یەکێتی هاتوونەتە سەر ئەوەی کە جێگرێکی تر بۆ سەرۆکی هەرێم یا یاریدەدێک بۆ سەرۆکی هەرێم هەبێت، بە بۆچوونی من ئەمە بۆچوونی خۆمە نەک پارتی، حەقە پارتی ڕازی بێت، بۆ جێگرێکی تر نا بۆ سەرۆکی هەرێم، بەڵکوو بۆ یاریدەدەری سەرۆکی هەرێم، حەقە ڕازی بێت، چونکە ئەگەر یەکێتی لەناو پرۆسەکە نەبێت، یەکێتی داوای پێنج شەش وەزارەت دەکات، من دەڵێم دەکرێت پێنج وەزارەت و وەزارەتێکی هەرێمیشیان بدرێتێ، من گوتوومە ئێمە حیسابی کورسی لەگەڵ یەکێتی ناکەین، بەڵام نابێ یەکێتیش چاوەڕێی پەنجا بەپەنجای جاران بێت، هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بەبێ یەکێتی باش نییە حکوومەت پێکبهێنین، بەڵام بەبێ یەکێتیش دەکرێت، وەک جاری پێشوو. میرانی گوتیشی: ئێمە و یەکێتی لە 1991وە ئەم وڵاتە بەرێوە دەبەین، لە سەختترین حاڵەتدا شەڕمان کردووە، لە باشترینیش پێکەوە حوکمان کردووە، کاوڵمان کردووە و ئاوەدانیشمان کردووەتەوە، پێکەوە شەڕی داعشمان کردووە، یەکێتیش وەک ئێمە حەزی لە ئاوەدانی ئەم وڵاتەیە، بۆیە وەک حزب مامەڵە لەگەڵ یەکێتی دەکەین، نەک وەک مەزاجی هەندێک شەخس و کەس. دەربارەی ئەوەی ئەگەر یەکێتی بەشداری حکوومەتی نەکرد پێتان ئاساییە دوو ئیدارەیی ڕابگەیەنێت؟ میرانی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕایگەیاندووە: ئەگەر یەکێتی خۆیان بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن با بیکەن، هەرچەندە ئێمە نامانەوێت ئەو ئەگەرە دانێین، بەڵام بەدڵنیاییەوە خەڵکیش قبووڵی ناکات.

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
(خەبات) لە هەڵومەرجێکی زۆر ناسکی گەلەکەماندا چاوی هەڵێناو بە دەرچوونی، قوتابخانەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگەی کوردی دروستکرد
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 49 ساڵەی خەبات)

مەکتەبی سیاسیی پارتی

سەری ساڵی بابلی- ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆ پیرۆز دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی سەری ساڵی بابلی-ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆوە، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە. کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵی تازەی بابلی-ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆ، پیرۆزبایییەکی گەرم لە سەرجەم گەلی کلدان سریان ئاشووری لە کوردستان و جیهان دەکەین، ئاواتەخوازین ئەو جەژنەتان بەوپەڕی بەختەوەریی و ئارامیی و ئاسوودەیی بەسەربەن.

هیوادارین ئەو جەژنە موژدەبەخشی کۆتاییهێنان بێت بە کێشە و گیروگرفتەکانی خوشک و برایانی کریستیان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانی دیکە لە ناوچەکەدا و جارێکی دیکە دانیشتوانەکەی دووچاری دەردەسەری و دەربەدەری نەبنەوە. لەو بۆنەیەدا دووبارە جەخت دەکەینەوە سەر بنەما ڕەسەنەکانی کولتووری دێرین و ڕەگداکوتاوی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و بەختر قبووڵکردن بەبێ جیاکاریی لەڕووی نەتەوەو ئایین و ئایینزا، کە نەریت و کۆڵەگەیەکی ڕاست و دروستی گەلی کوردستانە و مایەی شانازیە بۆ هەرێمی کوردستان و هەموو لایەکیش، هەربۆیە پشتیوانی تەواو لەو فرەیی و هەمەڕەنگییەی نێوان پێکهاتەکان لە نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان دەکەین و هیوادارین بەردەوام پتەوتر و بەهێزتر بێت.

دووبارە جەژنی سەری ساڵی تازەی بابلی-ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆ لەتەواوی گەلی کلدان سریان ئاشوور پیرۆز بێت، بەهیوای ساڵێکی تازەی پڕ لە خێر و خۆشی و ئاسوودەیی.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/1

ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت

خەدیجە عومەر: هەفتەی ئایندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت

یاسای هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە

بڕیارە ئەمڕۆ سێ شەمە 2019/4/2 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و ئەندامێکی لیژنەی یاساییش ڕایگەیاند: پێشبینی دەکرێت هەفتەی ئایندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت.

خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا دوێنێ دووشەمە بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە، لە کۆبوونەوەی سێشەمەی پەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکرێت و پرۆژەکە هەشت مادده لە خۆدەگرێت و پێکهاتووە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نێو پەرلەماندا بە زۆرینەی ڕەها، هەروەها یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2018 دەربارەی هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

خەدیجە عومەر گوتیشی: یاسای هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی سێشەمە دووەم خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و دوای ئەوە دەنگدانی بۆ دەکرێت، ئەگەر پەرلەمانتاران دەنگیان بە یاساکە دا، ئەوا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پەرلەمانتاران دەدرێت بۆ تانەلێدان، من پێشبینی دەکەم هەفتەی ئایندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت، ئەگەر ڕێکارە یاساییەکان تەواو بێن، چونکە پێویستە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم سێ ڕۆژ پێشتر دەرگای خۆکاندیدکردن بکرێتەوە و ناوی کاندیدان تۆمار بکرێت.

لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم کاندیدکرا، هاوکات مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە هەمان کۆبوونەوەدا وەک کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیاریکرا.



ئەفغانستان.. لافاو زەرەرو زیانێکی زۆری بە دانیشتووانی ئەو وڵاتە گەیاند

ژووری ئۆپەراسیۆنی سەرزمێریی دروستدەکرێت و هەرێمی کوردستانیش لەو ژوورەدا بەشدار دەبێت

ئامادەکاری بۆ سەرژمێریی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت

عەبدولزەهرە هیندیاوی، گوتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی سەرژمێری بەپێی پلانی خۆیان و لە کاتی دیاریکراوی خۆیان، بەڕێوە دەچن. عەبدولزەهرە هیندیاوی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە فەرمانێکی وزاری بۆ پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان و خانووەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەرچووە.

هەروەک گوتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕایگەیاندووە، ژووری ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرپەرشتیی سەرۆکی دەزگای ناوەندیی ئامار و بەشداریی نوێنەری هەرێمی کوردستان، دەبێت. عەبدولزەهرە هیندیاوی ئاماژەی بەوەشکردووە، کە ژووری ئۆپەراسیۆنەکە ئامادەکاریی بۆ سەرژمێریی گشتیی دانیشووان و خانووەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی 2020 دەکات.

بارزان... پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ژمارەیەک کونسوڵگەری و دیپلۆماتکارانی بیانی سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد

کاتسۆمی مۆریاسو: بارزانی شۆڕشی تەنیا بۆ گەلی کورد نەکردووە، بەڵکو خەباتی بۆ ئازادی و ئاشتی کردووە



لە ساڵیادی لە دایکبوونی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان ژەنەراڵ مستەفا بارزانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری شاندێکی دیپلۆماسی و نوێنەری وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد و لەلایەن خەڵات بارزانی نوێنەری تایبەتی سەرۆک بارزانی پێشوازی کران و بەناوی جەنابیانەوە بەخێرهاتنی کردن و بە کورتی باسی لە خەبات و ڕێباز و شۆڕشەکانی بارزانی بۆ شاندی میوان کرد. هوشیار سیوەیلی ئەوەی خستەڕوو کە مەلا مستەفای بارزانی هەرگیز باوەڕی بە شەڕ نەبووە بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفت و کێشەکان، بەڵکو باوەڕی بە ئاشتی و لێکتێگەیشتن هەبووە بۆ چارەسەری کێشەکان و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش باشترین بەڵگەیە کە گەلی کوردستان هێزی سەربازی تەنها بۆ بەرگریکردن بووە. کاتسۆمی مۆریاسو کونسوڵی ژاپۆن بە ناوی کونسوڵ و نوێنەرانی ئامادەبوو خۆشحاڵی خۆیانی بۆ ئەو سەردانە دەربڕی و بەڕێزیان باسی لە ڕۆڵی ژەنەراڵ بارزانی کرد لە خەباتی بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردستان و بەرگریکردن لە مافی هەموو پێکهاتەکانی کە لە کوردستانن. هەروەها مۆریاسو ئەوەشی ڕاگەیاند کە بارزانی شۆڕشی تەنها بۆ گەلی کورد نەکردووە، بەڵکو خەباتی بۆ ئازادی و ئاشتی کردووە، ئەمەش وای کردووە کە بارزانی بە کەسایەتییەکی دیاری مێژوویی و نیشتیمانی لە ئاستی جیهاندا ببیندرێت.

پاشان شاندەکە سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی ئەنفالی بارزانییەکانیان کرد و ئەو مۆزەخانەیان بەسەرکردەوە کە پاشماوەی ئەنفالەکانی تێدا پارێزراوە و درێندەیی ڕژێمی پێشووی عێراق پیشاندەدا. لەکۆتاییدا هەموان هاوڕا بوون کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر پێشکەش بە گەلانی ژێردەستە بکات و هەرگیز ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە کارەساتی وا ڕووبداتەوە.

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
XEBAT
هەقە ئەمڕۆ هەموو کوردێک شانازی بەو خەباتەی (خەبات) بکات و ڕۆڵیشی لەبەرچاو بێت
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 49 ساڵەی خەبات)

حکوومەتی عێراق ناتوانێ کاریگەری بخاتە سەر پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

جەمال کۆچەر: عادل عەبدولمەهدی لەوە گەیشتووە کە پارتی حزبێکی مەرکەزییە

دەبێ ئەمساڵ پرسی شنگال و ماددەی 140 و بودجەی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت



سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، سەرۆکوەزیرانی عێراق لەوە گەیشتووە، کە پارتی حزبێکی مەرکەزییە.

جەمال کۆچەر، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندووە کە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق هەمان شێوازی کارکردن لەگەڵ کابینەی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کابینەی نوێ دەکات.

جەمال کۆچەر هەروەها ڕایگەیاندووە، عادل عەبدولمەهدی ناتوانێت هیچ کاریگەرییەک بخاتە سەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە کابینەی حکوومەتەکەی خۆی بە تەواوی پێک بهێنێت و عەبدولمەهدی دەیزانێ کە پارتی حزبێکی مەرکەزییە و گۆڕینی سەرۆکی کابینەکان و کەسایەتییەکانی، هیچ گۆڕنکارییەک لە هەڵوێستی پارتی دروستناکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بە پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد و ڕایگەیاند: دەبێ ئەمساڵ پرسی شنگال، ماددەی 140ی دەستوور، بودجە و پرسی پێشمەرگە چارەسەر بکرێ و هەنگاوی جددیان بۆ بنرێت.

وەزارەتی نەوتی عێراق داهاتی هەناردەکردنی نەوتی مانگی ئادار ئاشکرا دەکات

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، لە مانگی ئاداری 2019، 104ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل هەناردە کراوە.

عاسم جیهاد هەروەها ڕایگەیاندووە، کە داهاتی هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتە، شەش ملیار و 680 ملیۆن دۆلار بووە. لە بەیاننامەکەدا، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراقی ئاماری هەناردەکردنی نەوتی لەو مانگە بڵاو کردووەتەوە، کە بەم شێوەیەیە: بڕی 100 ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل لە کێڵگەی نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشوور هەناردە کراوە. بڕی سێ ملیۆن و 630 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەناردە کراوە. بڕی 722 هەزار و 950 بەرمیل نەوتی گەیارە هەناردە کراوە. تێکڕای ڕۆژانەی نەوت لە مانگی ئادار بریتی بووە لە سێ ملیۆن و 380 هەزار بەرمیل، بەم شێوەیە: تێکڕای ڕۆژانەی هەناردەکردنی نەوت لە بەندەرەکانی بەسرە سێ ملیۆن و 250 هەزار بەرمیل بووە.

تێکڕای ڕۆژانەی هەناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهانی تورکی 99هەزار بەرمیل بووە.

ئەنجوومەنی وەزیران
جەژنەکانی ئەکیتۆ پیرۆز دەکات
ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنەکانی ئەکیتۆ پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: هیوادارین لە ساڵی تازەدا هەموو ئەو خانەوادانەی بەهۆی شەڕ و نائارامییەکانەوە ناچار بوون مااڵوحاڵ و زێدی خۆیان جێبهێڵن، سەرفرازانە بگەڕێنەوە شوێنە ئاوەدان و پارێزراوەکانیان و جەژنەکانی داهاتوو لە سایەی ئارامی و سەقامگیری و ئاوەدانیدا بکەنەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
جەژنی سەری ساڵی ئاشووریی بابلی و جەژنەکانی ئەکیتۆ لە خوشک و برایانی ئاشووری و کلدانی و سریانی لە کوردستان و عێراق و جیهان پیرۆز دەکەین، هیوای جەژن و ساڵێکی خۆش و بەختەوەرییان بۆ دەخوازین.
هیوادارین لە ساڵی تازەدا هەموو ئەو خانەوادانەی بەهۆی شەڕ و نائارامییەکانەوە ناچار بوون مااڵ و حاڵ و زێدی خۆیان جێبهێڵن، سەرفرازانە بگەڕێنەوە شوێنە ئاوەدان و پارێزراوەکانیان و جەژنەکانی داهاتوو لە سایەی ئارامی و سەقامگیری و ئاوەدانیدا بکەنەوە.
لەم بۆنە پیرۆزەدا دووپات دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە کاردەکات بۆ قبوڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتەوایی لەنێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستاندا. دووبارە جەژنێکی ئارام و بەختەوەر بۆ هەموو خوشک و برایانی ئاشووری و کلدانی و سریانی دەخوازین، هەموو ساڵێک بە خۆشی.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/3/31

کوردستان بەهۆی یەدەگی نەوت و گازی سرووشتییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە بازاڕی وزەدا دەبێت

ململانێی ڕووسیا و ئەمەریکا لە ناوچەکە وادەکات کوردستان ببێتە شوێنێکی گرنگ بۆ بازاڕی ئەورووپا

سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک سەبارەت بە دۆخی وزەی کوردستان لە نەخشەی بازاڕی وزەی جیهان ڕایگەیاند کە کوردستان بەهۆی زۆربی یەدەگی نەوت و گازی سرووشتییەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی بەهێز بگێڕێت.

عەبدولسەمەد کۆچەر، شارەزا لە بواری نەوت و وزە و سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، بە خەباتی ڕاگەیاند بەرژەوەندیی دونیا لەسەر ئابووریی، زلهێزەکانی جیهان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە سەیری هەموو وڵاتانی جیهان دەکەن، بەرژەوەندیش بووەتە بەرژەوەندیی ئابووری، ئەولەویەتی گرنگی ڕۆژئاوا لەسەر ئابووریە، بێشک یەدەگی نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان زۆر دەوڵەمەندە .

ڕوونیشی کردەوە کە بەپێی داتاکان، کوردستان لەڕووی وزەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا گرنگییەکی زۆرتری پێبدرێت، بە مەرجێک ئەگەر مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کەیسەکەدا بکرێت.

سەرۆکی لیژنەکەی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ئاشکرای کرد کە یەدەگێکی زۆری گازی سرووشتی لە هەولێر و سلێمانیدا هەیە، هەروەها یەدەگی نەوت لە هەولێر و دهۆکدا هەیە، واتە بەشی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست هەرێمی کوردستان، گازی سرووشتی لێیە و ناوەڕاست و ڕۆژئاواکەشی یەدەگی نەوت.

گوتیشی: نەوت و گاز لەو ساماناneیە کە قابیلە بۆ نەمان یان جێگرەوە، جێگرەوەی وەکو تیشکی ڕۆژ و وزەی ناوکی و لەڕووی پراکتیکیشەوە جیهان یەدەگی زۆری نەوتی بەکارهێناوە، بەاڵم کوردستان تائێستا دەستی بۆ یەدەگی نەوت نەبردووە، بۆیە کوردستان پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە ئاستی جیهاندا، ململانێی ڕووسیا و ئەمەریکا لەناوچەکە وادەکات کوردستان ببێتە شوێنێکی گرنگ بۆ بازاڕی ئەورووپا .



پاریس.. خۆپیشاندانی هێڵەک زەردەکان سەرەڕای ڕێگرییەکان بەردەوامە



(خەبات) هەمیشە مینبەرێکی کاریگەر بووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاگایی و نەتەوەیی

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

سکرتێری پەرلەمان: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر یاسایەک بە سێ دانیشتن پەسەند دەکرێت



کاتژمێر3ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان خولەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور دەکات و راپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش لەو بارەیەوە دەخرێتەڕوو. سکرتێری پەرلەمانیش دەڵێ" کەی هەموو گفتوگۆکان لەسەر پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم تەواو بوو ئەوکات دەخرێتە دەنگدانەوە".

خەبات/عەلی بانیشاری

لەراگەیەنراوێکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: بەپێی حوکمی برگە (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە مادەی (16) و برگەی(سێیەم) لە مادەکانی(47 و 48 و 54 و 55 و 56) و برگەی (یەکەم) لە مادەی (88) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی بەهاری ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەکات (3)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/4/2 بەم شێوەیە بێت: یەکەم: خوێندنەوەی دووەمی (پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور) و خستەڕووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەپێی حکومی مادەکانی (87 و 89) لە پەپڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات) ڕاگەیاند" ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت و کەی هەموو گفتوگۆکان تەواو بوو ئەوکات دەخرێتە دەنگدانەوە". گوتیشی" بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە سێ دانیشتن یاسایەک پەسەند دەکرێت، لە دانیشتنی سێیەمدا تەنها دەنگ دەدرێت و گفتوگۆ و پێشنیاز وەرناگیرێت".

سەبارەت بە کاتی دانیشتنی سێیەم بۆ دەنگدان لەسەر کارکردانەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم؟ قەهوەچی گوتی" کاتی دەنگ لەسەر کارکردانەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دیارنییە". لەبارەی ئامادەبوونی فراکسیۆنەکان لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا؟ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان گوتی" تائێستا هیچ فراکسیۆنێک بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە ئامادەی دانیشتنەکە نابێت".

لەلایەکی دیکەوە وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە(خەبات)ی گوت" وەکو دانیشتنی ڕۆژی شەممە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ئەمڕۆدا ئامادە دەبن". ئەو هیوای خواست سەرجەم فراکسیۆنەکان بێنەوە پەرلەمان". ئەو پەرلەمنتارە هەروەها دەشڵێت" فراکسیۆنەکان دەتوانن لە ڕێگەی لیژنەی یاساییەوە هەر تێبینی و سەرنجێکیان لەسەر یاساکە هەیە لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی ڕەشنوسی پڕۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دۆڵەمەند بکەن".



ئاکپارتی دەیەوێت دەنگەکانی ئیستەنبوڵ بە تەواوی بژمێردرێتەوە

باسنیوز: ئاکپارتی لەڕێگەی دەزگاکانی میدیای سەر بە خۆی، سەرکەوتنی لە ئیستەنبوڵ ڕاگەیاندووە، بەڵام بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە کۆمیسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکانەوە ڕاگەیەندراوە، ئەو شارە بۆ ئۆپۆزسیۆن یەکلایی بووەتەوەو ئەکرەم ئیمامۆغلو کاندیدی جەهەپە توانی لەم هەڵبژاردنەدا پێشبڕکێیەکی باش لەگەڵ بینالی یلدرم کاندیدی ئاکپارتیدا بکات.

بەپێی زانیارییەکان بە کردنەوەی 98%ی سندووقی دەنگەکانی ئیستەنبوڵ، یلدرم 48.71%ی بەدەست هێنابوو، بەڵام ئەکرەم ئیمامۆغلو 48.65%ی بە دەست هێنابوو. ئەگەرچی 2%ی دەنگەکان مابوو بژمێردرێن، بەڵام بینالی یلدرم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام ئەمڕۆ بەیانی تابلۆی ئیستەنبوڵ گۆڕانی بەسەردا هات.

بە گوێرەی دوایین زانیاری کە میدیاکانی ئاکپارتیش بڵاویان کردووەتەوە، ئەکرەم ئیمامۆغلو کاندیدی جەهەپە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و 27 هەزار و 806 دەنگ پێش بینالی یلدرم کەوتووە، بەڵام تاکوو ئێستا 82 سندووق ماوە دەنگەکانی تێدا بژمێردرێت.

بە گوێرەی زانیارییەکان، ئاکپارتی دەیەوێت دەنگەکانی ئیستەنبوڵ بەتەواوی بژمێردرێتەوە، چونکە نزیکەی 90هەزار دەنگ هەژمار نەکراوە، بەڵام جەهەپە سەرکەوتنی خۆی لە ئیستەنبوڵ ڕاگەیاندووە.

بە گوێرەی هەواڵی بەشی تورکی ئاژانسی BBC بێت، دەنگەکانی هەدەپە لە ئیستەنبوڵ کاریگەریی گەورەی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبووە و ئاماژەی داوە کە هەدەپە بۆیە وای کردووە تاکوو کاندیدی جەهەپە لە ئیستەنبوڵ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

شاندێکی تایبەتی ئاژانسی کۆچبەرانی حکوومەتی شاهانەی سوید سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دەکەن

هەوڵی مرۆڤدۆستانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هاوکارییکردنی ئاوارەکان بەرز دەنرخێنن



مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندێکی تایبەتی ئاژانسی کۆچبەرانی حکوومەتی شاهانەی سویدی ناسراو بە (میگراشونسقێرکێت-دەزگای کۆچبەران) و ئۆفیسی باڵوێزخانەی وڵاتی شاهانەی سوید لە هەرێمی کوردستان پرسی کۆچبەرانی شەڕ و ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانیان لە هەولێری پایتەخت تاوتوێ کرد.

شاندێکی سویدی پسپۆر لە بواری ئاوارە و کۆچبەران سەر بە ئاژانسی کۆچبەرانی سویدی بۆ لە نزیکەوە ئاشنابوون بە گرفتی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی توێژینەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی شێکاری تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە قەیرانی ئاوارەکان لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان و شاندی یاوەری دا کۆبۆنەوە و بارودۆخی سیاسی و مرۆیی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و پرسە نێودەوڵەتییەکان و دواپێشهاتەکان لە دووای نەمانی داعش و پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی پێشووبان خستە بەر باس و گفتوگۆ.

لە گفتوگۆیەکی کراوەدا لەگەڵ هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) و شاندی یاوەری گوێبیستی دیدگای پارتی دێموکراتی کوردستان و گرنگی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بوون لەسەر پرسی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە دوای هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر ناوچەکە و هەرێمی کوردستان کە بە هۆیەوە زیاتر لە 2 ملیۆن ئاوارە بە هۆی شەڕ و مەترسی و پەلامارەکانی تیرۆریستی و وێرانکارییەکانی داعش لە شوێنە جیاجیاکانی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و هەرێمی کوردستانیان وەک پەناگەیەکی ئارام هەڵبژارد. هەروا سەرەڕای شەڕو پەلامارەکانی تیرۆریستی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی هەرێم و موچەی پێشمەرگە و کارمەندانی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم لە لایەن بەغداوە بڕی و عێراق بە فراوانی پێشێلکاری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە بە هۆیەوە هەرێمی کوردستان بە سەختترین بارودۆخدا تێپەڕی.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە پارتی دێموکراتی کوردستان ڕای وایە کە باشترین زەمینە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان پاراستنی سەلامەتی هاوڵاتیان و دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان و دابینکردنی ئاساییش و سەقامگیرییە لەو ناوچانە دا لە لایەن حکوومەتی عێراق بە هاوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. هەروا ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەستەڵاتی هەرێم و گەڕانەوەی ئیدارەی کوردی و پێشمەرگە بە چارەسەرێکی بنەڕەتی و هەنۆکەیی کێشەی ئاوارەکان و ناوچە جێ ناکۆکەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت. لە لایەکی تریشەوە پارتی دێموکراتی کوردستان جەخت لە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکاتەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان چونکە هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش هێشتا هەر ماوون و پێویستە هاوکارییەکان بۆ پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی جیهانی بڕەو بە هاوکاریە مرۆییەکانی خۆیان بدەن بۆ ئاوارەکان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارتر بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و دابینکردنی ئاساییش و سەقامگیری لە ناوچەکە دا.

شاندی سویدی ستاییشی هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێم و قوربانییەکانی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە پاراستنی ئاوارەکانی جەنگ و داڵدەدانی زیاتر لە2 ملیۆن ئاوارەی شەڕی داعشی کرد لە هەرێمی کوردستان کە سەرەڕای شەڕ و قەیرانی ئابووری لە کوردستان بەڵام هەرێم باوەشی بەڕووی ئاوارەکان کردەوە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز و ژیان و گوزەرانێکی شایستەی بۆ دابین کردن.



لیژنە چوار قۆڵییەکەی سەبارەت بە لیبیا، پشتگیری خۆی بۆ هەوڵەکانی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپات کردەوە

جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ بەرپرسی ئۆفیسی یونامی کۆبووەوە

ریکاردۆ ڕۆدریگێز: سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری تایبەتی ئەو لە عێراق بەهێزەوە هانی هەموو لایەک دەدەن لە زووترین کاتی گونجاودا حکوومەت پێکبێنن



دوێنێ دووشەممە 1ی نیسانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە نوسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، لەگەڵ ریکاردۆ ڕۆدریگێز، سەرۆکی ئۆفیسی یونامی لە هەولێر و سی یۆنگ کیم-ی یاوەری کۆبووەوە و زانیاریی نوێی دەربارەی کاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پێدا.

لەم دیدارەدا هەورامی، کورتەیەکی سەبارەت بەکارەکانی پەرلەمان خستەڕوو و رایگەیاند: "پەرلەمان بەمزووانە خولێکی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆماری هەڵبژاردووە و ئێستا خەریکی دووەم خولی پرۆژەیاسای کاراکردنەوەی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەکات کە بەشێوەی کاتی دابەشکراون".

هەروەها رایگەیاند: "بۆ 100 ڕۆژی سەرەتای کاری پەرلەمان لە 1ی ئاداروە چەندین پرۆژەیاسا لە بەرنامەی کاری پەرلەماندان، لەوانە پرۆژەیاسای چاکسازییە و دوای ئەوە پەرلەمان و لایەنەکانی تر لەسەر دەستووری داهاتووی کوردستان گفتوگۆ دەکەن".

جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕوونیکردەوە کە لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان لیژنەیەکی دەستووریی پەرلەمان مادەکانی دەستووریان نووسیوەتەوەو زۆربەی پەرلەمانتاران دەیانەوێ درێژە بەم پرۆسەیە بدەن یان سەرلەنوێ دایبڕێژنەوە.

هەروەها باسی ئەوەی کرد کە گەشەپێدانی پەیوەندییە گشتییەکان و دیجیتالیزەکردنی کاروباری پەرلەمان لە کارە لەپێشینەکانی پەرلەمانە بۆ ئەو خولە و گەشبینی خۆشی دەربڕی کە کابینەی نوێی حکومەت بەمزوانە پێکدێت.

لەلایەن خۆیەوە ڕۆدریگیز، رایگەیاند: "سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری تایبەتی ئەو لە عێراق بەهێزەوە هانی هەموو لایەک دەدەن لە زووترین کاتی گونجاودا حکوومەت پێکبێنن و کار لەسەر یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێت، وەکو هێزی چەکداری ڕەسمیی کوردستان".

ئەو ئەوەشی باسکرد کە بەمزووانە یونامی ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئاراستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

بەشێکی خاکی سووریا لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە داگیرکراوە

ئەمەریکا دەست بەسەر ناوچە پڕ سامانەکانی سووریادا دەگرێت

ئا-زانکۆ محەمەد -خەبات:

لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی سوریا لە ساڵی2011 لە سایەی هەژموونی بیانی و سزا ئەمەریکی و ئەوروپییەکاندا، دیمەشق دەستەوەستانە لەبەردەم تابووریی بە ئابووریییەکەی، ئەمەش دوای ئەو وێرانکارییەی تووشی ژێرخانی ئابووری و چەند کەرتێک بووەوە، کە پارە پەیدا دەکەن و بە تایبەتیش کەرتی نەوت، هەرچی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، دەنگی کزە و سەرکردەکانیشی پەراگەندەن. هاوکات نیکۆلاس هیراسی تۆێژەری ئەمریکی لە سەنتەری ئاسایشی ئەمریکا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس ئاماژەی بەوەداوە، سەرباری ئەوەی گرووپە چەکدارەکان کەمتر بوونەوە و دەبوو ململانێکە سووکتر بێت، کەچی بەپێچەوانەوە و بەهۆی هێزەکانی بیانی کە دەستیان بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی سووریادا گرتووە و پێناچێت وازوو ولاتەکە جێبێڵن، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر بووە.

ئابووریی سووریا

هاوپەیمانانی سوریا لە هەوڵی ڕاستکردنەوەی بارە لارەڵ ئابووریەکەی دیمەشق دان، ئەمەش بۆ قەرەبووکردنەوەی وێرانکارییەکانی جەنگ. هەر یەک لە ڕوسیا و ئێران پلانی ئەوەیان هەیە کۆمپانیاکانیان بەشی شێری بەرکەوێت لە دووبارە بنیاتنانەوەی سوریا. هەردووکیشیان لەم دواییانەدا چەند ڕێککەوتننامەیەکی دووقۆڵی و گرێبەستی دوورمەوداییان لە چەند بواریکی جۆراوجۆردا لەگەڵ دیمەشق واژۆکردووە کە دیاترینیان بوارەکانی وزە و بنیاتنانەوە و نەوت و کشتوکاڵن.

بونیاتنانەوەی سوریا

پۆتین هاوینی ڕابردوو هانی ئەوروپییەکانیدا بەشداری دارایی لە دووبارە بنیاتنانەوەی سوریادا بکەن. مۆسکۆش لەگەڵ چەند لایەنێکی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی کەنداوادا لە گفتوگۆدایە بۆ دابینکردنی دەرامەتی پێویست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە. بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا پێویستی بە دەرامەتەکانی ئاو، گەنم، نەوت، گازی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فوراتی سوریایە کە زۆرینەی هەرە زۆری بە دەست هێزەکانی سوریای دیموکراتەوەیە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش پشتیوانیان لێ دەکات، بەڵام سیاسەتی ئەمریکی لە هەوڵی بێبەشکردنی دیمەشقە لەو دەرامەتانە و هەرسپێچینانی ئابووریەکەیەتی،. بەشار ئەسەدیش لەم دواییانە و لە کاتی پێشوازیکردنی لە بەرپرسێکی چینی وتی: جەنگی دژ بە سوریا ئاراستە و ڕوخساریکی دیکەی وەرگرتووە کە بنچینەکەی لەسەر جەنگی ئابووری بەندە.

نەمانی داعش و ماناوەی ئەسەد

دوای 8 ساڵ شەڕی دەستەویەخە لە سوریا، پرسی لادانی ئەسەد لە حوکمڕانی لە دۆخی ئێستادا باس و خواسی نەماوە، ولاتەکەشی بۆتە گۆڕەپانی زۆرانبازێی هێزە دەرەکییە بەرژەوەندە دژیەکەکان، سەرباری ئەوەش گەمارۆیەکی ئابووری خنکێنەر ولاتەکەی داپۆشیووە.

لە کاتیکدا داعش خەریکی لەناوچوونە، ململانێ گشتییەکەش پێ دەنێتە ساڵی نۆیەمیەوە، کوژراوەکانی گەیشتونە 360 کەس، وێرانکارییەکەشی بە بەهای 400 ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت، هێشتا 6 ملیۆن سوری دەربەدەری ناوخۆن و زۆرینەیان بێ پەناگەن، 6 ملیۆنیش ئاوارە و دەربەدەری دەرەوە بوون کە لە ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکانی لە خەمی گەڕانەوەیاندا نییە.

ترسی پشێوی بارودۆخی ئەمنی چەند ساڵێکە مۆتەکەی سوریەکانە، خەمی بژێوی و بارگرانی سەرشانیان ژیانی سەخت و دژوار کردوون، ناچارن بۆ دەستکەوتنی بتلێک غاز ڕیز ببەستن، دژ بە بێکاری و بێ کارەبای بۆڵەبۆڵیانە، هەروەک نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێت: زۆرینەی هەرە زۆریان لەژێر باری هەژاری و نەداریدا دەنالێنن. نیکۆلاس هیراسی تۆێژەری ئەمریکی لە سەنتەری ئاسایشی ئەمریکا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس ڕایگەیاندووە: سەرباری ئەوەی گرووپە چەکدارەکان کەمتر بوونەوە و دەبوو ململانێکە سوکتر بێت، کەچی بە پێچەوانەوە و بەهۆی بکەرانی بیانی کە دەستیان بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی سووریادا گرتووە و پێناچێت وازوو ولاتەکە جێبێڵن، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر بووە. هێزە حکومییەکان زیاتر 60%ی ڕووبەری ولاتیان بەدەستەوەیە، ئەمەش داوای شکستە یەک لەدواییەکەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا و پشتیوانی دوو هاوپەیمانەکەی دیمەشقەوە بوو (ئێران و ڕوسیا) کە لە ساڵی 2015وە تەرازووی هێزیان لە بەرژەوەندی دیمەشق گۆڕی، مۆسکۆش بنکەی سەربازی لە سوریا هەن و بەردەوامیش تیمە سەربازییە گەڕۆکەکانی لە شارەکاندا لە هاتووچۆدان. جۆشوا لاندیسی تۆێژەر و مامۆستای زانکۆی ئۆکلاهۆمای ئەمریکی بۆ فرانس پرێس دەڵێت: دیمەنی سوریا جێگەی بێ ئومێدییە و پەرشوبڵاوە، ئەمەش بە هۆی داگیرکردنی زیاتر 30% خاکی سوریا لە لایەن حکومەتە بیانییەکانەوە کە پشتیوانی لە میلیشیا چەکدارەکان دەکەن. لاندیس دەشڵێت: بواری ئابووریییەکە کێشە هەر گەورەکەیە، ئەمەش دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ بووە هۆی بەهێزکردنی گەندەڵی و تووندوتیژی نەمانی سەروەری یاسا، سەرباری هەموو ئەمانەش، وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووندترین سزای ئابووری بەسەر سوریادا سەپاندووە کە مەبەستی و دەردەسەری خەڵکیان قورستر کردۆتەوە.

گروپە چەکدارەکان

دیارترین ناوچەی دەرەوەی بن دەستی ڕژێمی ئەسەد پارێزگای ئیدلبە کە دەستەی ڕزگارکردنی شام (بەرەی نوسرەی پێشوو) بەسەریدا زاڵە و گروپی چەکداری بچوکی دیکەشی لێیە. لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاش، ناوچەکانی خۆبەڕێوەبەری کوردەکان دامەزراون کە ئەمەریکا پشتیوانیان لێ دەکات، ئەم ناوچانە دەوڵەمەندن بە نەوت و ئاو و کێڵگە کشتوکاڵییەکان. سەرباری مکوڕبوونی ئەسەد لە گێڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام لە ئێستادا ئەم کارە بەردەست نییە. چونکە لە سێبتێمبەری ساڵی ڕابردووەوە، ڕێککەوتنێکی تورکی ڕ ڕوسی ئیدلب دەپارێزێت لە هێرشی سەربازی حکومەتی سوریا کە بەڵێنی داببو ئەنجامی بدات. لەولاشەوە کوردەکان پشتیوانی نێودەوڵەتییان هەیە و بە تایبەتیش ئەمریکا، بەو پێیەی سەرەکیترین هێزی شەڕکەری دژ بە داعشن.

تورکیا خاڵی پشکنینی لە ئیدلب بە دەستەوە ماون، هێزەکانیشی لە شارە سنوورییەکانی وەک جەرابلوس و عەفرین بڵاوەپێکردووە. بوونی ئەمریکییەکانیش ڕێگری لە بەرزەفڕییەکانی تورکیا دەکات بە هێرشکردنە سەر کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە بە دوژمنی خۆیانی دەزانێت، ڕێگریشە لەوەی دیمەشق هەر کردەوەیەکی سەربازییان لە دژ ئەنجام بدات.

بڕیاری شکانەوەی 2000 سەربازی ئەمریکی لە سوریا ترس و دڵەڕاوکێی کوردەکانی بەدوایی خۆیدا هێنا، بەمەش واشنتۆن پاشگەز بۆوە و بڕیاریدا بەشێک لە هێزەکانی وەک "هێزی ئاشتی" کە لە 200 سەرباز پێکدێت لەو ناوچانە بێلێتەوە، شڕۆڤەکارانیش پێیان وایە کە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکان وازوو ناکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە گەمەکارە نیودەوڵەتییەکان بەرژەوەندی دژیەکیان هەیە لە سوریا.

هیراس ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەردۆغان دەیەوێ کوردەکان لە باوەشی ئەمریکییەکان دەربێنێت و دەسەڵاتی خۆشی بەسەر باکور و ڕۆژهەڵاتی سووریادا بسەپێنێت. ڕوسیاش شوێنپێ قایمکردنی ئەسەدی بەلاوە گرنگە.. ئەمەش بۆ پاراستنی بنکە سەربازییەکانی لە سووریادا کە لە بەرفراوانبوونداز، هەروەها بۆ پاراستنی هەژموونی خۆشی لە ناوچەکە. ئێرانیش خواستی وایە ئەسەد لە حوکمڕانی هێنێتەوە تا ئەوکاتەی سوپای شۆڕشی ئێرانی دەتوانێت بەردەوام بێت لە قۆزتنەوەی لاوازی سوریا وەک قولایەکی ستراتیژی بۆ حزبوڵای لوبنانی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا.

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
XEBAT
خەبات وەک چۆن سەروەرو خۆراگرتوو بووە، پێویستە ئەمڕۆش لە پێناو ئەو ئامانجەی بۆی دامەزرا هەمیشە دەنگی میللەت بێت
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 47 ساڵەی خەبات)





وەزیری کارەبای عێراق:

بۆ بنیاتنانەوەی کەرتی کارەبا، 20 ملیار دۆلارمان پێویستە

لوئەی خەتیب لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی وزە گوتی: وەزارەتی کارەبا کاتی زیاتری پێویستە تا قەیرانی کارەبا چارەسەر بکات، جگە لەوەش ژمارەیەک ڕێککەوتنمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهاندا هەیە بۆ ئەوەی بتوانیین لە قۆناغەکانی داهاتوو قەیرانی کارەبا چارەسەر بکەین. وەزیری کارەبای عێراق گوتیشی: هەوڵەکانمان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کەرتی کارەبا خستووەتەگەڕ، بەڵام بۆ بنیتانانەوەی کەرتی کارەبا، 20 ملیار دۆلارمان پێویستە.

ئەڵمانیا بۆ شەش مانگی دیکە چەک بە سعوودیە نافرۆشێت



ئەڵمانیا بڕیاری وەستاندنی هەناردەکردنی چەکی بۆ سعوودیە، شەش مانگی دیکە درێژ کردەوە. گوتەبێژی حکوومەتی ئەڵمانیا، ستیفن سایبەرت، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە بڕیاری وەستاندنی فرۆشتنی چەک بە سعوودیە، تا ڕۆژی 30ی ئەیلوولی 2019 درێژکراوەتەوە. ئاماژەی بەوەشکردووە لەو ماوەیەدا لە ڕووی مەبدەئییەوە هیچ داواکارییەکی نوێ بۆ کڕینی چەک، پەسەند ناکرێن. لە ئەڵمانیا لەنێوان پێکهێنەرانی حکوومەت؛ پارتەکانی یەکێتیی کریستیانەکان (CDU) و (CSU) لەلایەک و پارتی سۆشیال دیموکرات (SPD) لەلایەکی دیکەوە، ناکۆکی سەبارەت بە درێژکردنەوە یان نەکردنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی هەناردەکردنی چەک بۆ سعوودیە، هەبوو. پارتی سۆشیال دیموکرات داوای درێژکردنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی هەناردەکردنی چەکی بۆ سعوودیە دەکرد و دوو پارتەکەی دیکە باوەڕیان وابوو کە پێویست بەو ڕێگرییە ناکات.



(خەبات) تۆمارکارێکی ورد بووە بۆ تێکۆشان و نەبەردی و مەرگەساتەکانی خەڵکی کوردستان

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

ئەمڕۆ مامەڵەی حاجییانی هەرێم دەست پێ دەکات



لە ئەمڕۆ سێشەممەوە، ئەو هاوڵاتییانەی هەرێمی کوردستان کە ناویان لە تیرۆپشک دەرچووە، دەست بە مامەڵەکردن دەکەن و نرخی سەفەرکردنیش لە ساڵی ڕابردوو زیاترە و تیرۆپشکی کۆمپانیاکانی گواستنەوەش ئەنجامدراوە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرە لە هەرێمی کوردستان، شێخ قاسم نەقشبەندی ڕایگەیاند: بڕیاردراوە کە دەست بە مامەڵەی ئەو هاوڵاتییانە بکرێت کە ناویان لە تیرۆپشک دەرچووە و ئەمساڵیش دوایین قۆناغی ئەو هاوڵاتییانەی سەفەری حەج دەکەن کە لە ماوەی سێ ساڵ پێش ئێستا ناویان دەرچووە و ئەمساڵیش هەزار و 880 هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی حەج دەکەن و سەردانەکەش لە 10ی تەمووزی ئەمساڵ دەست پێ دەکات. شێخ قاسم نەقشبەندی گوتی: ئەمساڵ هەر هاوڵاتییەک بڕی چوار هەزار و 200 دۆلاری لێ وەردەگیرێت و بڕەکەش لە ساڵی ڕابردوو زیاترە و جیاوازی بە زیاتریش لەگەڵ دەستەی حەجی عێراق هەیە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە شوێنی حەوانەوەی حاجیانی هەرێم نزیکترە و زیادەی خەرجیشی هاتووەتە سەر و بەراورد بە کۆی خەرجییەکان کە دەستەی حەجی عێراق وەردەگیرێت، ئەوا بڕی150 دۆلار زیاترە.

لەبارەی جێگۆڕکێ پێکردنی ناوەکانیش، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرە لە هەرێمی کوردستان گوتی: هەموو ئەوانەی کە هاوڵاتییەک دەتوانێت بۆ یەکتری تەنازوول بکەن، ئەوا بە خۆڕایی مامەڵەکەیان بۆ ئەنجام دەدرێت، لەبارەی خێزانەکانی شەهیدانیش تەنها وەزارەتی شەهیدانی حکوومەتی هەرێم بڕیار دەدات و ئێمەوە پابەندین پێیەوە.

شێخ قاسم نەقشبەندی گوتیشی: تیرۆپشک بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوە ئەنجامدراوە کە ژمارەیان 104 کۆمپانیایە و لەوێش شوێنەکانی حەوانەوەی حاجییان بە جۆرێک نزیکە لە کەعبە ئەوا حاجییان دەتوانن بە 15 خولەک بە پیادە بگەنە ئەوێ و ئەمەش جۆرێکە لە ئاسانکاریی بۆ حاجییانی هەرێمی کوردستان.

لەبارەی ئەوەی کە هاوڵاتییەک بۆ جاری دووەم و سێیەم فەریزەی حەج جێبەجێ دەکات.

شێخ قاسم نەقشبەندی گوتی: هەر هاوڵاتییەک جاری دووەم و زیاتری بێت کە فەریزەی حەج ئەنجام بدات، ئەوا سعوودیە بڕی550 دۆلاری لێ وەردەگرێت.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە پێویستە بەرواری تەواوبوونی پاسپۆرتی هاوڵاتییان لە ساڵی 2020دا بێت و بە پێچەوانەوەی مافی پێدانی قیزای نابێت و دەبێت پاسپۆرتەکەی تازە بکاتەوە.

ژبەر تاقیێن بهێزێن بارانێ پرەک ل دهوکێ هەرفت

دگەل هاتنا ڤێ لەهی و بارانا زور ئەوا هەرێما کوردستانێ گرتی لێ پارێزگەها دهوکێ ژی یا بێ بەهر نەبۆ ژ ڤێ تاقییا بارانێ ئەڤە ل گەرەکا بەروشکێ پراکۆ هەڤگرێدانا ئاڤاهییێن هەرسێ قوتابخانێن هەلویست، رێبار، چرا کۆ قوتابییێن وان هاتن و چونێ لسەر دکەن دوهی ب شەڤ توشی هەرفینێ بویە ئەڤەو سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتییا پارتی و بەرپرسێ لقێ نێک سەرا پرا نافبری دا و بنێزیکی هایداری ڕەوشا وێ پرێ بۆ هەر بو ڤێ مەرەمێ پشتی سەرەدانا خوە بەرپرسێ لقێ ل بارەگایێ لقێ دگەل هەرئێک ژ بریکارێن ڕێک و پرێن دهوکێ و سەروکێ باژێرڤانیا دهوکێ و هەروەسا ڕێڤەبەرێ سەخبێری و پاراستنا ڕێک و ئاڤاهیان کۆمبو، دڤێ کۆمبونێدا بەرپرسێ لقێ ئامژە دا وێ نێکێ کۆ ل ڤان ڕوژا ژبەر لەهی و بارانێن بەردەوام زور ژ ڕێک وپرا توشی هەرفێ و ژنافچونێ بوینە.

ئەحمەد کانی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:

ئێوە پارێزەری ناوبانگی ئارامی کوردستانن



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی2 و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی نیشتیمان، هێزی ناوخۆ، لەڕێوڕەسمێکدا کە لیژنەی ناوچە ڕێکی خستبوو، ڕێزی لە هەڤاڵانی جێگری بەرپرسی بنکەکان و تەواوی ڕێکخراوەکانی سنووری لیژنەی ناوچەی ناوبراو گرت.

لە بەرایی مەراسیمەکەدا ئاری نانەکەلی، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ لە وتەیەکدا، ئاماژەی بە ئامانجی ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنانەکە کرد کە لەپێناو هاندانی زیاتری هەڤاڵانە لەپێناو ئەوەی هەوڵی زیاتریان بخەنە گەڕ لەپرۆسە چارەنووسسازەکاندا.

دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووپارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتەیەکدا وێڕای ستایشکردنی هەوڵەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وپۆلیس لەپاراستنی هێمنی و ئارامی و سەر و مالی هاوڵاتییان، تیشکی خستەسەر ڕۆڵی ئەو هێزانە لە سەرخستن وپاراستنی ئارامپیرۆسەکانی هەڵبژاردن، بەتایبەتیشپرۆسەی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنییەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

بەرپرسی لقی2 دووپاتی کردەوە ئەو ڕێزلێنانە وەفاداری نواندنە بەرامبەر دڵسۆزی و ئەمەکداری ئەوانەی بێ سڵ کردنەوە خزمەت بە گەلەکەی خۆیان دەکەن.

جەژنا ئەکیتو سەر سالا بابلی ئاشوری 6769 ل باژێرێ دهوکێ هاتە گێران

مێڤانێن ڤان ڕێورسمان ژ پارێزگەها هەرێمێ و پارێزگەهێن دی ییێن ئیراقێ و جهێن دی ژ ئەروپا و ئوسترالیا و ئەمریکا و کەنەدا قەستا باژێرێ دهوکێ دکەن کو پشکداریێ دڤان ڕێوسمان دا بکەن



ڕاپورت / خەبات دهوک

دوهی 1/4/2019ل باژێرێ دهوکێ ڕێ ورسمێن جەژنا ئەکیتو سەرسالا نوو یا بابلی ئاشوری 6769 هاتنەگێران و ئاهەنگ و ڕێپێڤان و چالاکییێن جوداجودا هاتنە ل دارخستن، ئەڤ ڕێورسمە ژسالا 1991ل باژێرێ دهوکێ دهێنە گێران ئەوژی ژبەر ئارامیا باژێرێ دهوکێ و سەقایێ گونجای. مێڤانێن ڤان ڕێورسمان ژ پارێزگەها دهوکێ و پارێزگەهێن نەینەوا و هەولێر و سلێمانییێ و کەرکوکێ و پارێزگەهێن دی ییێن ئیراقێ و جهێن دی ژ ئەروپا و ئوسترالیا و ئەمریکا و کەنەدا قەستا باژێرێ دهوکێ دکەن کو پشکداریێ دڤان ڕێوسمان دا بکەن و نە بتنێ ئاشوری وسریانی پشکداردبن بەلکو ڤێجاریێ کورد ژی پشکداربون.

ل دور ڤێ هەلکەفتێ وساخکرنا سەرسالا نوو یا بابلی ئاشوری بەرێز ناجی داود ئەندامێ لقا دهوک یا بزافا دیموکراتی یا ئاشوری بو ڕوژناما خەبات گوت: گێرانا ڤان هەلکەفت وجەژنا ل میزوبوتامیابلاد مابین النهرین هاتینە بەرزەکرن ونە هاتینە ئەنجامدان ئەوژی ژبەر ڕژێمێن سەرکوتکەر بێن ئێک ل دووف ئێکێ دەستهەلات وەرگرتی لێ پشتی سەرهلدانا بهارا سالا 1991و سەقایەکێ ئارام و ئازاد ودیموکراتی ل هەرێما کوردستانێ پەیدابوی، دەلیڤە بوگەلێ مە یێ کلدانی سریانی ئاشوری ل دهوک وهەولێر هاتە پێش کو ئەم ئاهەنگێن وان هەلکەفت وسەرسالا لسەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ ساخکەین هەروسا ڕێپێڤانا ئەنجامدەین ب پشکداریا شاند وکەسایەتیا ژوەلاتێن دەوروبەر وئەورپا وئەمریکا وئوستورالیا وکەنەدا ژبەر کو خەلکێ ڤێ دەڤەرێ باوەری ب ژیانا هەڤپشک هەیە دناڤبەرا هەموو پێک هاتێن ئولی ونەتەوەیی.

هەروەسا گوت: گێرانا ڕێ و رسمێن ڤێ جەژنێ ل دهوکێ ئەڤ سالە یا جیاوازە ژ سالێن بوری چونکوئاشتی و ئارامی پتر پەیدابویە وشەرێ تیرورستێن داعش وگەفێن وان ل سەر خەلکێ مە ب دوماهی هاتیە ودرێ ورسمێن ئەڤ سالە دا ئانکو سالا 6769 یا بالی ئاشوری ئاهەنگ ورێپێڤانێن جەماوەری ل سەر جادێن باژێرێ دهوکێ هاتنە گێران ب پشکداریا پارتێن سیاسی ووسازی وکردوسێن قوتابی ولاوێن کلد وئاشوری وئێکەتیا ئافرەتێن ئاشوری وقوتابییێن خاندنگەهێن سریانی و خەلکێ مە یێ کلدانی ئاشوری و ژ هەموو دەڤەرا پشکداربون.

ل دور دیروکا گێرانا ئاهەنگێن سەرسالا بالی ئاشوری ئەکیتو ناڤبری گوت: جەژنا ئەکیتو سەر سالا نوو بو ل دەڤ بابلی وئاشوریا وجەژنا سەر سالا نوو ژ ئێکی مەها نیسانێ دەست پێدکەت و12ڕوژا بەردەوام دکەت، ئاهەنگێن جەژنا ئەکیتو ژهەموو ئاهەنگ وڤیستیڤالێن ئاینی وجڤاکی کەڤنارترن و ل وی سەردەمی خوداوەند و مەلک وجەماوەرێ باژێری پشکداری تێدا دکر کەرنەڤالێن ئاهەنگێ ل ناڤ باژێری دگەریان لاڤە دهاتنە کرن وقوربان دهاتنە سەرژێکرن ئەڤێ چەندێ کارتێکرن وکەیف خوشی لدەڤ خەلکێ بابل پەیدا کر.

هەروسا ئەکیتو هەلکەفتەکا گرنگ بو وزور کەیفا مەلکێن بابلی پێ دهات وئەوان سەروەت و سامان ودەستکەفتێن خو دشەر وجەنگان دا دوان ئاهەنگا دا نیشا خەلکی دا وشانازی پێ دکر هەروسا مەلکێ بابلی هیز ودەستهەلاتا خو دڤان ئاهەنگا دا نیشان دا وبو خەلکی دیاردکر کو ئەو نونەرێ خوداوەندیە ل سەر ئەردی هەروسا ئەڤ هەلکەفتە دەلیڤە بوون بو ئاهەنگێن کەیف وخوشییێ ودروستکرنا پەیوەندییێن جڤاکی وئەڤیندارییێ ودەلیڤە بوون ژبو تەڤای و ئێکرێزییێ کو هەموویان خارن وڤەخارن پێشکێش دکر وپەرستگەهان گوشت و خارن ل سەر هەموو ئەندامان یێ فەقیر وکێم حال بەلاف دکر.

بەرپرسێ لقێ ئێک سەرسالا ئەکیتو ل کرستیانێن دهوکێ پیروز کر

ژ بو پیروزکرنا سەر سالا نەتەوەیا کلدان و ئاشوری و سریان یان کو ئەکیتو، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی یا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا شاندەکێ لقێ سەرا هەر ئێک ژ پارتا بیت النهرین یا دیموکراتی و هەر وەسا ئەنجومەنێ مللی یێ کلدان و ئاشوری و سریانی کر و سەر سالا وان پیروزکر هەروەسا بەرپرسێ لقێ ئاماژەدا وێ ئێکێ کو ئەڤرو کوردستان بڤێ موزایکا ڕەنگا و ڕەنگ یا جوانە و دڤێت ڤێ جوانی و ئارامییێ پتر جوان و بخەملینێ و ب ئێک ڕێزی و ئێک دەنگیا خو دشێن هەمی هیڤی ییێن خو ب جهبینێ و ئەڤێ ئازادییێ ژی ڕوحەکا دی یا بەرخودانێ دا یەمە کو هەمی ئاین و ئول و نەتەوە ب ئازادانە بیرو و بوچونێت خو دەربرن.

هەر ئێک ژ سکرتێرێت بیت النهرین و ئەنجومەنێ مللی یێ کلدانی و سریانی و ئاشوری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کو ژبو ڤێ پیروزباهییێ دیسان سوپاسیا ڕێزدار سەروک مسعود بارزانی کر ژبو ڤێ پشتەڤانیا بەردەوام دگەل کرستیانا و کرستیانا ئەڤرو خو بهخته وه ڕ دبینن سەر ڤێ ئاخا ئازاد و کوردستان وەکو ئارام ترین جهە چ ل عیراقێ و دەوروپەریێن عیراقێ بو کرستیانا، کو ئەڤەژی جهێ شانازیا هەر کرستیانەکی یە هەر جهەکێ هەبیت.

خەبات XEBAT
www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/4/2 ژمارە (5721)

بە ئامادەبوونی زانای کورد کۆچەر بیرکار ووێرکشۆپێک لە بواری بیرکاری ئەنجامدرا



بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆکانی کوردستان ووێرکشۆپێک بۆ بواری بیرکاری ژ ماتماتیک لەهۆڵی سیمیناری سەنتەری ڕۆشنبیری سازکرا، تیایدا سەرەتا پ.د.کۆچەر بیرکار، وەک زانایەکی کورد لە بواری ماتماتیک سمیناڕێکی لەبواری بیرکاریدا پێشکەشکرد و تیایدا باسی ئەو داهێنانەی کرد کە بەهۆیەوە خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە، باسەکەی جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو، بۆیە لەکۆتایدا پرسیارێکی زۆر کرا ئەویش یەکەیەکە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، سمینارەکەی کۆچەر بیرکار وەک سەرەتایەک بوو بۆ ووێرکشۆپەکە، ئەمەو لەنێوەندی ئەم ووێرکشۆپەدا 30 تۆێژەر بە باسەکانیان بەشداری ئەو ووێرکشۆپە دەکەن، هەموو بابەتەکانیش لەچوارچێوەی بیرکاری ژ ماتماتیکدا دەخولێتەوە، ئامادەبووانی ئەم سمینارانەش زیاتر مامۆستایانی ماتماتیک و فیزیا و کۆمپیوتەر بوون، هەر لەوێدا باسیان لە میژووی بەشەکانی بیرکاریان لە کوردستاندا کرد، کە لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان لەساڵی 1991دا بەهۆی ئەوەی زۆربەی مامۆستایان خەڵکی دەرەوەی کوردستان بوون، بۆیە زانکۆی سەلاحەددینیان جێهێشت، بەڵام بەهۆی زانستپەروەری چەند مامۆستایەک تواندرا بۆ دووبارە بەشی بیرکاری ژ ماتماتیک لەکاراباێ و قوتابییان بۆ ئەو بەشە وەربگرێ، دیارە بەرهەمی بوونی هەموو بەشەکانی بیرکاری لەزانکۆکانی کوردستان لەسەر دەستی چەند مامۆستایەک بۆ دووبارە زیندوو کرایەوە و ئێستاش سەدان دەرچووی لەو بوارەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی هەڵگری بڕوانامەی بالآ لەبواری بیرکاریدا ئێستاش لە کوردستاندا توانیویانە جێ پەنجەی خۆیان دیاری بکەن، ئەوەی شیاوی باسە ئەم ووێرکشۆپە ماوەی2 دوو ڕۆژ دەخایەنێت.

بەڕێسی لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی زیاتری هاوواڵتیانی نیشتمانەکەمان

لە بەردەوامی دیدار و پێشوازییەکانیدا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاونیشتمانیانی سنوورەکە و بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق، پێشوازی لە ژمارەیەک هاونیشتمانی کە بە نوێنەرایەتی هاووڵاتییانی گوندی پیرەڕەش سەردانی لقی 16یان کردبوو.

لە بەردەوامی دیدار و پێشوازییەکانیدا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاونیشتمانیانی سنوورەکە و بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق، پێشوازی لە ژمارەیەک هاونیشتمانی کە بە نوێنەرایەتی هاووڵاتییانی گوندی پیرەڕەش سەردانی لقی 16یان کردبوو.

نوێنەرانی دانیشتوانی گوندی پیرەڕەش وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ بەرپرسی لقی 16 لەبەرامبەر بەدەنگەوە هاتنیان و ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیکەردوون ئاماژەیان بە کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاووڵاتییانی گوندەکەیان بەتایبەتی و سنوورەکە بەگشتی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاونیشتمانیاندا.

دواتر بڵند ئیسماعیل سوپاسی گەرمی نوێنەرانی گوندەکەی کرد بۆ گەیاندنی پێداویستی و کێشەکانی خەڵکی سنوورەکەو ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی خەڵکی گوندی پڕەش و تەواوی گوندنشینانی کوردستان کرد و بەڵێنی پێدان کە بە هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی دەدەن بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان و دووپاتیشی کردەوە کە خزمەتکردنی خەڵکی نیشتمانەکەمان بەئەرکی سەرشانی خۆمان و کاری لە پێشینەمان دەزانین.

ئەزموونی وردبینی کۆریا بۆ هەرێمی کوردستان دەگوازرێتەوە

خەبات ـ ڕەسول سالح : بە مەبەستی ئاشنابوون بە ئەزموونی ووڵاتی کۆریا لە بواری وردبینی دارایی و کارگێڕی و شێوازی کارکردنیان و گواستنەوە و سوودوەرگرتن لە ئەرکی ڕۆژانەمان. گوتیشی: بابەتەکانی خولەکە زۆر چڕوپڕن و سەردانەکە دە ڕۆژ دەخایەنێت و بە پێی بەرنامە دوای بەشداریکردن لە چەند سیمینار و خولێک، سەردانی زۆربەی دەزگا گرنگە دارایی و وردبینییەکانی ووڵاتی کۆریا دەکەین، لەوانە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و دەزگای دابینکردنی پێداویستییە حکومییەکان، دەزگای پلان و مەشق و دەستەی دارایی بۆ دانانی بوودجەی ساڵانە و چەندین دەزگای تر. هەروەها سەرۆکی دیوانی چاودێری کۆزی مەبەستی ئەم سەردانە، ئاشنابوون بە ئەزموونی ووڵاتی کۆریا لە بواری وردبینی دارایی و کارگێڕی و شێوازی کارکردنیان و گواستنەوە و سوودوەرگرتن لە ئەرکی ڕۆژانەمان. گوتیشی: بابەتەکانی خولەکە زۆر چڕوپڕن و سەردانەکە دە ڕۆژ دەخایەنێت و بە پێی بەرنامە دوای بەشداریکردن لە چەند سیمینار و خولێک، سەردانی زۆربەی دەزگا گرنگە دارایی و وردبینییەکانی ووڵاتی کۆریا دەکەین، لەوانە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و دەزگای دابینکردنی پێداویستییە حکومییەکان، دەزگای پلان و مەشق و دەستەی دارایی بۆ دانانی بوودجەی ساڵانە و چەندین دەزگای تر. هەروەها سەرۆکی دیوانی چاودێری کۆزی و سەرۆکی دەزگای دستپاکی، بەجیا کۆبوونەیان لەگەڵ سەرۆکی شاندی بەشداربووی هەرێم کردووە و پشتیوانی تەواویان بۆ هەماهەنگی و هاوکارییان بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان دەربڕی.



شایانی باسە لە کۆتایی خولەکەدا بەڕێوەبەری ڕاهێنان لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بابەتێکی تێروتەسەل پێشکەش بە ئامادەبووان دەکات، کە پێک دێن لە بەشدارانی دیوانی چاودێری دارایی عێراقی فیدراڵ و بەرپرسانی دارایی کۆزی، بۆ زیاتر ئاشنابوونیان بە شێوازی کار و پرۆسەی وردبینی لە هەرێمی کوردستاندا.



ساڵیادی دەرچوونی (خەبات)
بۆنەیەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە و مەغزای مێژوویی لەلای گەلەکەماندا هەیە
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

لە نۆرینگە فێرکارییەکانی کۆلیژی پزیشکی ددان ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری نەخۆش چارەسەریان بۆ دەکرێت





بەڕێوەبەری نۆرینگە فێرکارییەکانی کۆلیژپیزیشکی ددان:

ڕۆژانە زیاتر لە 200 نەخۆش لە بەشەکانی نۆرینگە فێرکارییەکانی کۆلیژی پزیشکی ددان چارەسەر دەکرێن

ڕاپۆرت/سەید فاتیح بەرزنجی:

بەگوتەی دکتۆر جەواد مەحمەد میکایل بەڕێوەبەری نۆرینگە فێرکارییەکانی کۆلیژپیزیشکی ددان سەبارەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشانی ددان ڕوونیکردەوە: دوای سێ ساڵ لەدوای دامەزراندنی کۆلیژپیزیشکی ددان نۆرینگە فێرکارییەکانی ئەو کۆلیژە کرایەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی قۆناغەکانی کۆتایی کۆلیژپیزیشکی ددان شارەزایی زیاتر لەبواریپیزیشکی ددانپەیدا بکەن، ئەو نۆرینگانە کرایەوە.

نۆرینگە فێرکارییە توانیویەتی چارەسەری ددانی بۆ هەزاران نەخۆش کردبێت، دیارە ئەو نۆرینگانە دابەشی سەرچەند بەشێک کراوە و ڕۆژانە ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی ئەو نۆرینگانە دەکات بلیتی پشکنین بە 500 دینار دەبڕێت یەکەمجار سەردانی ژووری پشکنین دەکات ولەلایەن پزیشکەوە سەیر دەکرێ تا لەنزیکەوە بزانرێ ئەو نەخۆشە پێویستی بە چ جۆرە پشکنین و چارەسەرێکە، کە زانرا کارەکەی چییە یەکسەر ڕەوانەی بەشی تایبەت بە چارەسەرییەکەی دەکرێ بۆ نموونە ئەگەر هاتوو نەخۆشەکە پێویستی بە ددان کێشان بێت ئەوا لە بەشی نەشتەرگەری دەکرێ بۆ کێشانی دندانەکەی کە نەخۆشێکی دیکە پێویستی بە دەمار بڕین بێ یاخود پرکردنەوەی ددان بێ ئەوا یەکسەر کارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە پێویستی بەدانانی تاخمی ددان بێت ئەوا نەخۆشەکە کاری دانانی تاخمی بۆ دەکرێت.

دواتر دکتۆر جەواد سەبارەت بەبەشەکانی دیکە گوتی: وەک بەشی پشکنین و بەشی ڕاستکردنەوەی ددان و بەشی نەشتەرگەری دەموددان و بەشی چارەسەرکردنی ددان وەک پرکردنەوە و دەمار بڕین و تاخمی ددان لەگەڵ بەشی نەشتەرگەری پوک وەک ددان شووشتن و ددان خاوێنکردنەوە و هەندێ نەشتەرگەری تایبەت بە پوک لەو بەشە ئەنجام دەدرێت لەگەڵ بەشی تیشک کە بریتییە لەچەند جۆرە تیشکێک بۆ نەخۆشان دەگیرێت بۆ ددانەکەی و بەشی دروستکردنی ددانیش هەیە کە بریتییە لە دروستکردنی تاخمی ددانی تەواو لەگەڵ تاخمی جزئی بۆ نەخۆش دادەنرێ، هەروەها بەشی مندالآنیش هەیە کە گرنگی بەددانی منداڵان دەدات و تایبەتە بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی دەموددانی منداڵان و لەتەمەنی 12/6 ساڵان دەگرێتەوە و ڕۆژانە دوو جۆر نەخۆش سەردانیمان دەکەن جۆرێکیان نەخۆشی تازەیە ئەو کاتەی تازە سەردانیمان دەکەن ئەو کەسانە ڕەوانەی بەشی پشکنین دەکرێن و ڕەوانەی بەشەکانی دیکە دەکرێ واتا ڕۆژانە 70-80 نەخۆشی تازە سەردانیمان دەکەن و کاریان بۆ دەکرێ بەڵام ئەگەر هاتوو ژمارەی نەخۆشان زیاتر بوو ئەوا سەرەیان بۆ دادەنرێت ئەویش لە بەشەکانی دیکە زۆری ژمارەی نەخۆش وا دەکات کە نۆرەیان بۆ دابنرێت و سەرەکانیش دوور نین هەندێ بەش نەخۆشی زۆرە یاخود پێویستی بەکاتە بۆ تەواو کردنی کارەکەی بەڵام ئەوانەی کە سەرەیان بۆ دانراوە ژمارەیان دەگاتە 200 نەخۆش بەهەموو بەشەکان و جەنجالی لەسەر بەشەکان هەیەو ڕۆژانە کۆی نەخۆشەکانی نۆرینگە فێرکارییەکان دەگاتە300 چارەسەری و پشکنینیان بۆئەنجام دەدرێت دیارە بۆ بینینی ئەو هەموو نەخۆشانە قوتابیانی قۆناغی چوارەم و پێنجەمی کۆلیژی پزیشکی ددان کەژمارەیان نزیکەی 100 قوتابی دەبێت نەخۆشەکان لەلایەن ئەو قوتابیانەوە بەڕێ دەکرێ بەسەرپەرشتی پزیشکی پسپۆڕی ددان بەڵام قوتابیانی قۆناغی یەک تا قۆناغی سێ هەموو ئەو وانانەی کە تایبەتە بە چارەسەری نەخۆش بەشێوەی هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی دەخوێنن ئەویش لەلایەن ماموستاو پزیشکی پسپۆڕی ددان ئەگەر قوتابیان لە تاقیکردنەوە دەرچوون و دەتوانن نەخۆش چارەسەر بکەن ئینجا دەچێتە قۆناغی چوارەمی کۆلیژو لە قۆناغی چوارەمیش چارەسەری نەخۆشیە سەرەتاییەکان دەکات واتا ئەو نەخۆشیانەی کە سادەن بۆ چارەسەر کردن دوای کە قوتابیان چوونە قۆناغی پێنجەم ئەو کاتە قوتابیان نەخۆشەکانی دیکە بەڕێ دەکەن کە ئاستی نەخۆشیەکان گرانترە واتا ئاستیان بەرزترە هەروەها هەندێ نەخۆشی دیکەی وەکو نەشتەرگەری دەمو ددان پێویست ناکات قوتابێ نەخۆش بەڕێ بکات بەڵکو پزیشکەکان نەخۆش بەڕێ دەکەن واتا ئەو پزیشکانە نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن هەمو نرخەکان لەو نۆرینگانە پارەیەکی زۆر ڕەمزی و هەرزانە لەوانە پرکردنەوەی ددان لێرە 3 هەزار دینارەو لەنۆرینگە تایبەتەکان نرخەکەی دەگاتە 50 هەزار دینارونرخی تیشکی ددان واتا تیشکی گەورە 10 هەزار دینارە و هی بچوک 3هەزار دینارە و لە دەرەوە گرانترە و نرخی نەشتەرگەری 20 هەزار دینارە و لە دەرەوە بە 150 هەزار دینار و گرانتریش نرخی تاخمی ددان بۆ نەخۆشێکی بەتەمەن تاخمی سەرەوە خوارەوە بەیەکە و دەگاتە نزیکەی 60 هەزار دینار بەڵام لەدەرەوە دەگاتە 700 هەزار دینارو زیاتریش بۆیە لێرەوە سوپاسی بێ پایانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی دەکەین کە هەموو کەل وپەل و داوو دەرمانمان بۆ دابین دەکەن و نەیانهێشتووە کەموکوڕی هەبێت هەرکاتێکیش هەر ئامێرێک لەکار بکەوێت لەلایەن بەشی چاککردنەوەی کۆلیژ لەلایەن ئەندازیارانی خۆمان دەمو دەست چاک دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی ڕۆژانە نەخۆشێکی بەمجار زۆر سەردانیمان دەکەن بۆ چارەسەرکردن و لە نۆرینگە فیرکاریەکانی کۆلیژەکەمان زیاتر لە 120 ئامێری کورسی ددان هەیە لەبەشە جیاوازەکان.



دەبێت (خەبات) ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن و گرنگیدان بەو ئەرکانە بەتایبەتی بەرامبەر بە مەسەلە چارەنووسسازەکان

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 49 ساڵەی خەبات)



یەکەم ساڵیادی کۆچی دوایی دلۆڤانی ئیدریس مستەفا بارزانی

تەمەنێکی کورت و پڕ خەبات

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

کاتێک سەیری لاپەڕەکانی میژووی پڕخەباتی پارتی و ماڵباتی بارزانی دەکەین، دەبینین کە دەیان جوامێر و قارەمان و شەهید لە ماڵباتی بارزانی گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی کوردستان، هەروەها بەسەدان هەزار پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان گیانی خۆیان بەشەهیدی بەخشیوە بە خاکی کوردستان و پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان. بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیدانی ئەو جوامێرانە پێویستە بەردەوام یادی ئەو شەهید و گیانفیدایانە بکەین گەژیانیان بریتی بووە لە خەبات و بەرخودان و قوربانی بۆ خاک و خەڵکی کوردستان. ئەمڕۆش یادی یەکێک لەو جوامێرانەدەکەین کە تەمەن و ژیانی خۆی لەپێنا کوردستان تەرخان کردبوو، ئەویشت جوانەمەرگ دلۆڤان ئیدریس مستەفا بارزانییە، کە دلۆڤانێکی بێ وێنەبووە بۆ خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەمڕۆ و تاهەتا دلۆڤانی ئێمەش بۆ ئەو دلۆڤانە کورد پەروەردە دەبێت کە هەموو ژیانی خۆی بۆ دلۆڤانی کوردستان تەرخان کردبوو. هەزارن سڵاو لە یادی (دلۆڤان ئیدریس مەلامستەفا بارزانی) و هەموو شەهیدانی کوردستان.



ژیاننامەی دلۆڤانی ئیدریس بارزانی

دلۆڤان بارزانی کوڕی شەهیدی جوانەمەر ئیدریس بارزانییە، نەوەی ڕابەری کوردایەتی مەلامستەفای بارزانییە، دەکاتە برازای جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی. دلۆڤان بارزانی قوتابییەکی ژیر و خەبات کارێکی ماندوونەناسی ڕێبازی بارزانی نەمربوو. لە ساڵی 1966 لە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێر هاتۆتە دونیاوە. دلۆڤان بارزانی لە تەمەنی 9ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەی هاوشێوەی هەزارەها خانەوادەی پێشمەرگەکانی ئەیلوول پاش نسکۆی شۆڕش ساڵی 1975 ئاوارەیی ئێران دەبێت و لە کەرەج نیشتەجێ بوو. پاش ئەوەی جەنابی سەرۆک مەسعودبارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ دەرێژە پێدانی شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی گوڵانیان بەرپاکرد. دلۆڤان لەگەڵ براکەی نێچیرڤان بارزانی لە تەمەنی 16 ساڵیدا خزایە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ئێران شاری کەرەج پەیوەندی بەریزەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان کرد. دلۆڤان لە ئاوارەی لە ئێران ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو لە ڕێکخستنی قوتابیان و لاوان و گەنجانی هاوتەمەنی خۆی لە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵانیدا. دواتر دلۆڤان بارزانی وەکو گەنجێکی ماڵباتی بارزان پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و شانبەشانی باوکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و مامی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و بۆ ئەرکانە بەتایبەتی بەرامبەر بە مەسەلە چارەنووسسازەکان دەرنەچێت کاتێک کاک دلۆڤان کۆچی دوایی کرد من لەبەر ئەرکی سەربازیم نەمتوانی لە مەرسیمی بەخاکسپاردنی گیانی پاکیان ئامادەبم. کاک دلۆڤان بارزانی وێرای خەبات و تێکۆشانی لە هەرەتی لاویدا، هەروەها کەسێکی کۆمەڵایەتی شارەزابوو. من ئەو مرۆڤە بە مامۆستا و ڕێنشاندەری خۆم دەزانم کە هەمیشە هانی منی دەدا کە بەردەوام لەئەرکی ڕۆژنامەوانی و بەتایبەتی میژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بنوسمەوە و بەنەوەکانی دوا ڕۆژ و ئایندەی کوردستان ئاشنا بکەم، یادی بەخێر کاک دلۆڤان پێش کۆچی دوایی بەمنی گوت پێکەوە لەگەڵ چەندین بۆ بەرزایەکانی وڵات دەچین بۆ بەرزایەکانی دوژمن شکێن و پاڵەوانانی مەیدان تەخت. پێکەوە هەموو ئەوانە دەبینە ئەو شوێنانەی کە ئەو قارەمانانە لە گەنجاتی خۆیان لەگەڵ برنەوەکانیان لەو شوێنانەدا پاریزگاری کوردستانیان دەکرد. دەچین لەوێ گوێ لە چیرۆکەکانیان دەگرین. کاک دلۆڤان بارزانی زۆر لەلای مامی جەنابی سەرۆک بارزانی نزیک بوو و زۆر مامی خۆش دەوێست و بەنوێنەرایەتی ئەو بەشداری لە پرسەکان دەکردسەردانی خەڵک و یا نوێنەرایەتی ئەوان بوولە کێشەکانی کۆمەڵایەتی، کاک دلۆڤان بارزانی لەلای گەنج و لاوەکان زۆرخۆشەویست بوو. هەڤاڵ دلۆڤان.... لەژینێکی کەم تەمەن و ناوادەدا کۆچی دوایییت کرد.... وەغەرت خێر و گۆرت پڕ نور قوربان. ئێستاش هندێ جار لەیادم دەچێت کە تۆ کۆچی دواییت کردووە. دەست دەدەمە تەلەفۆنەکەم و دەچمە سەرناوت بۆ ئەوەی تەلەفۆنت بۆبکەم و پێت بڵێم قوربان لەفلان شوێن و فلان پرسە و بۆنە هەیە کەبچین بۆ پرسە..بەڵام.... کاتێک هەڤاڵ دلۆڤان هەواڵی شەهیدبوونی قارەمانێ دەبیست تەلەفۆنی بۆ ئێمە دەکرد و سەبووری و دڵنەوایی ئێمەی دەدایەوە و دەیگوت "دەبێ بۆ کوردستان قوربانی بدەین"، لە هەر شوێنێکی کوردستان پرسە شەهید و قارەمانێک هەبووایە بەیەکەوە بەشداری پرسەکە دەبووین و لە ڕێگادا چەندین یاوەدەوەری ئاوارەیی و خەباتی باوک و مامی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە. زۆرجار و لە زۆر بۆنەدا لەخزمتی دلۆڤاندا بووم کاتێک هەڤاڵانی بارزانی نەمر و پێشمەرگە دێرینەکانی بەسەر دەکردەوە و سەردانی ماڵی شەهیدان و پککەوتە و بریندارەکانی سەنگەری بەسەر دەکردەوە. کاک دلۆڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی ڕێبازی بارزانیی نەمر هەردەم خۆی بە خزمەتکاری خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە دەزانی. دلۆڤان بارزانی لەدوایین قۆناغەکانی ژیانی خەریکی پڕۆژەیەکی گەرورەبوو بۆ کۆکردنەوە و بەئەرشیف کردنی دیکۆمێنت و وێنەوە و بەڵگەنامی شۆڕشەکانی کوردستان، هەروەها هیواخوازی سەربەخۆیی کوردستان بوو. هەڤاڵێکی هاوکار و هاندەری کاری ڕۆژنامەوانیم بوو. هەرچەندی یادگارییەکانی کاک دلۆڤان بارزانی بنووسمەوە ناتوانم تەنها قەترەیەک لە دلۆڤانی ئەوزاتە تۆماربکەم. بۆیە دەڵیم: "قوربان تەمەنێکی کورت ژیای بەڵام بەقەدرە دوو تەمەنی خۆت خەبات و تێکۆشان کردووە و ئەگەر منیش بەقەد دوو تەمەن تۆ بژیم، هیشتا ناتوانم ژیان و خەبات و یادوەرییەکانت تۆمار بکەم... هەمیشە لە یادمانی کاکە دلۆڤان". لەیادی یەک ساڵەی کۆچی دوایی دلۆڤان بارزانیدا پەیمان دەدەم وەکو کاک دلۆڤان لەسەر ڕێبازی بارزانی نەمر بەردەوابم لە خزمەتی کورد و کوردستان. لەم یادەدا هەزان سڵاو لە گیانی پاکی دۆڤان ئیدریس بارزان وەغەری خیر و گۆڕی پڕ نور و جێگای بەهەشتی ئارام بێت.



کۆچێکی ناوادە



تەحسین سەلیم

ساڵێک بەر لە ئێستا لەڕۆژی 2/4/ 2018 هەواڵێکی خەمناکم پێگەیشت، ئەویش هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی زێدە خۆشەویست و دۆستی دێرینم کاک دلوڤان بارزانی بوو. لەگەڵ ئەوەی خەم و پەژارەیەکی لە ڕادەبەدەر بوو، بە هیچ شێوەیک بۆم نەدەکرا بڕوا بکەم کاکە دلۆڤان دوا مالئاوایی لێ کردووین و بۆ هەمیشە بەجێمان دێڵێ.

ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە خۆشەویستەدا تێدەپەڕێ، لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش نەمتوانیوە یادی ئەو هەڤاڵ و هاوڕێ خۆشەویستەم نەکەم و هەست بە بۆشاییەکی گەورە نەکەم کە دڵسۆزو جوامێرە جێ ی هێشتووە. لە دوای نسکۆی ساڵی (1975) و ئاوارەبوونمان بۆ ئێران بە ماوەیەکی کەم کاک دلۆڤان بارزانی و ئەندامانی تری بنەماڵەکەیانم ناسی، دواتر بەهۆی خوێندن و ئەرکی پارتایەتی لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو و براکانی پەیدا کرد، لە سەروشیانەوە جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی. کاک دلۆڤان بارزانی کەسێکی مرۆڤ دۆست و هێمن بوو، وەکو داب و نەریت و ڕەوشت بەرزی بنەماڵەی بارزان، بە ڕێزەوە لە خەڵکی دەڕوانی، لە قسەکردن، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو. لەگەڵ ئەوەش کە هاوتەمەن بوو لەگەڵ بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی بەڵام هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە وەکو براگەورە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانی دەکردو بۆ هەموو کارێک پرس و ڕاوێژی پێ دەکرد. لە هەمان کاتیشدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری براکانی تری دەکرد کە بە تەمەن لەخۆی بچوکتر بوون، هەموو ئەو هەڵسو کەوت و ڕەوشتبەرزییە لە قوتابخانەی بارزانیی نەمر سەرچاوەی گرتبوو، کە خوالێخۆشبووان کاک ئیدریس و نازدارخانی هاوسەری بەشێکی گرنگی ئەو قوتابخانەیە بوون.

خوالێخۆشبوو لە ناو دۆست و هەڤاڵانیدا کەسێکی خۆشەویست بوو، ڕێزی لە هەموو کەسێک دەگرت بەتایبەتی خاوەن خەبات و شۆڕشگێڕ و ماندووەکان، هەمیشە هەوڵی دەدا سەردانیان بکات، ئەگەر دەرفەتی ئەوەش نەبووایە لە ڕێگەی تڕەوە هەواڵی دەپرسین. ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد بۆ هەر مەبەستێک بووایە بەتایبەتی بۆ هاوکاری، بەو پەڕی توانای خۆی هاوکاری دەکردن، ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بوایە بە سەرووی خۆی ڕادەگەیاندو پشتگیری دەکردن. خوالێخۆشبوو کەسێکی دڵسۆزو میهرەبان بوو، زۆر بە هێمنی قسەی دەکردو هەرگیز تووشی هەڵچوون نەدەبوو.هەمیشە پشتگیری کەسانی خاوەن مافی دەکردو لە ڕووی کۆمەڵاتیشەوە هەر کێشەیەکی دەخرایە بەردەم هەوڵی دەدا بە ڕێگای گونجاو و شایستە چارەسەری کێشەکە بدۆزێتەوەو هەردوو لایەنی بە تێگەیشتنێکی سەردەمیانە ئاشتەکردەوە بۆ ئەوەی کێشەی نێوانیان بەتەواوی چارەسەر بکرێ، وە دوای چارەسەرکردنی کێشەکە بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێ بەجێ کرکردنی، بەدواداچوونی کێشەکەی دەکرد. کەسێکی هونەر دۆست بوو بەتایبەتی لەگەڵ شیعرو هۆنراوەدا، دۆستایەتی لەگەڵ هەردوو هۆزانڤانی مەزن مامۆستا هەژار موکریانی و هێدی هەبوو، بەشێکی زۆر لە شیعری شاعیرانی ناوداری لەبەر بوو لەوانە شیعرەکانی مەلای جزیری و هێمن و هەژارو هێدی و بەشێکی زۆر شیعری فارسی. حەزو خولیای بۆ خوێندنەوەو کتێب زۆر بووە بایەخی زۆری بەم بووارە دەدا.

هەمیشە دۆست و هەڤاڵانی خۆی لەبیر بوو ئەگەر دەرفەتی لە نزیکەوە بینینیشیان نەبووایە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی بەسەری دەکردنەوە.

بەشداری پرسەو سەرەخۆشیەکان دەبوو، شێوەی بەشداربوونی لە پرسەو سەرەخۆشیەکان مایەی سەرنج بوو، زیاتر لە کاتی ئاسایی لە ناو کۆڕو پرسەی سەرەخۆشیەکان دەمایەوەو دەبووە مایەی دڵخۆشی خاوەن پرسە، هەست بەوە دەکرا کە کەسێکی پایە بەرزو دڵ فراوان بەشداری پرسەکەی کردووە. خاوەن هەڵوێست بوو لە کاتی گونجاودا هەڵوێستی ڕوونی دەردەبڕی. لەڕووی هەستی نەتەوایەتیەوە کەسێکی دڵسۆز بە گەل و نیشتیمانەکەی بوو. کە بڕیاری ئەنجامدانی کارێکی دەدا زۆر بە وردی و بەرنامەبوون هەوڵی جێ بە جێ کردنی و بە ئامانج گەیاندنی دەدا. لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم. ئەگەر بمانەوێ لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی خوالێخۆشبوو بدوێین زۆر لەوە زیاتر کات و نووسین هەڵدەگرێ، مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ من کە سااڵنێکی زۆر لە خزمەتیان بووم و هیچ کاتێ ئامۆژگاری و بیرەوەریەکانم لەیاد ناچێ و وەکو هەمیشە ڕێبوارێکی ئەو ڕێبازە پیرۆزە دەبم کە ئەوانلەپێناویدا سەریان نایەوە.

دروودو سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەردەم لە یاد، سڵاو لە ڕوحی پاکی ڕۆڵەی جوانەمەرگ و خۆشەویستی بنەماڵەی بارزان کاک دلۆڤان بارزانی کە بە ڕاستی لە ساتە وەختێکی یەکجار زوو مالئاوایی لێکردین.



2

شاهۆ حوسێنی/ فرانکفۆرت-ئەڵمانیا

له هەر چاخ و سەردەمێکدا، ئایدیا و گوتارەکان خوێندنەوە و بۆچوونێکی تایبەتیان لەمەڕ مرۆڤ هەیە، واتە لەخۆگری ڕوانگەیەک لەمەڕ ئانتۆلۆژی مرۆڤەکانن. بێگومان ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە لەئاستی سیاسیشدا ڕەنگ دەدەنەوە. لەسیاسەتی مۆدێرندا، واتە لە ناو ئەندێشەی سیاسی چاخی مۆدێرندا مرۆڤ بوونێکی ناوەندی و تەوەرەیی هەیە، بەو هۆکارە کە ئەساس و بنەمای مۆدێرنیتە و کاکڵ و ناوەڕۆکی سەرەکی مۆدێرنیتە مرۆڤە، دەشێ بگوترێت کە مۆدێرنیتە چاخێکی مرۆڤ تەوەرە. مۆدێرنیەی سیاسیش وەک ڕەهەندی سیاسی مۆدێرنیتە ولاّمی سیاسی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دەداتەوە کە مرۆڤی سیاسی مۆدێرن کێیە و چیە ؟

ئانتۆلۆژی خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا

خەبات بۆ سووژەی کوردی

خەبات و بەربەرەکانێی کورد لە باکوور

تا پێش لە بڕیارنامەی سایکس-پیکۆ، کوردستانی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا بەشێک لە ئیمپراتۆری عوسمانی بوون، بۆیەش هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێک لەو ئیمپراتۆریەدا، کارتێکەری(کاریگەری) لەسەر کورد دەبوو. بەهۆی دراوسێیەتی عوسمانی لەگەڵ ئەورووپا بیروئەندێشەی ڕۆژئاوایی لەئەورووپاوە هەرکە گەیشتبایەتە عوسمانی بێگومان دەگەیشتە ناو کوردانی کوردستانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی چینێکی ناوێجی و مامناوەندی خوێندەواری پێگەیشتووی قوتابخانە و دەرسی مۆدێرن و بەرۆژ لەباکووری کوردستان، هاموشۆی کوردانی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ڕۆژئاوای پێشکەوتوو، دیتنی تاکی پێشکەوتووی بەهرەمەند لەزانستی مۆدێرن و ئاشنا بوون لەگەڵ ڕێکخراوە مۆدێرنەکان، بوو بەهۆی ڕاگواستنی هزر و ئەندێشەی مۆدێرن و سەردەمیانە لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەو بەشە لە کوردستان و بەوشێوەیە کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان لە باکوور سەرهەڵدەدەن. دیارە گەورەترین ئاڵوگۆڕی ئەو ڕەوتە پێکهاتن و سەرهەڵدانی فۆرماسیۆنی سیاسی- کۆمەڵایەتی نوێیە بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد و دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد کە سەرەتا بەشێوەی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەستپێدەکات و دوایی دەبێتە بزاڤێکی نیشتمانی- سیاسی)کۆچێرا،2003، ل 28 .(

سالّی 1908جەمعییەتی تەعاون(تەعالی) و تەرەقی کورد لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد لە باکوور دادەمەزرێت، بەبۆچوونی کریس کۆچێرا ئەو کۆمەڵە کوردیە ئامانجی نوێخوازانە و ڕیفۆرمیستانەی هەبووە(هەمان،ل28) ، دیارە مەبەست لە نوێخوازی دەشێت ئامانژەیەک بێت هەم بە نوێخوازی لە فۆرماسیۆنی ڕوالەتی و هەمیش لەفۆرماسیۆنی زەینیدا، واتە کەلکوەرگرتن لە فۆرماسیۆنی نوێی گونجاو لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای باکوور کە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی شارنشینی و سەرهەڵدانی چینی ناوێجی و مامناوەندی و لاوازبوونی هێزموونی خێڵایەتی و عەشیرەیی، هەمیش بەمانای کەلکوەرگرتن لە مێتۆدی نوێ، بەشێوەی هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵگای ئاگا و خاوەن هزر و بیری تازە، واتە ڕەخساندنی بەستێن بۆ سەرهەڵدانی سووژەیەکی سەربەخۆ و خۆبنیاتنەری ئاگا و خاوەن جیهانبینی ڕیفۆرمیستانەش دەشێ بە مانای ڕوو لە کۆمەڵگا خەبات کردن بۆ سازکردنی ئاڵوگۆڕی هەنگاوبەهەنگاو هاوکات لەگەڵ پێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگای ژیر و وریا بێت، نەک ئەوەیکە لەغیابی تاک و کۆمەڵگای ئاگا و پێگەیشتوو بەگژ دەسەلاّتدا بچین. پێکهێنەرانی ئەو جەمعییەتە ڕۆژنامەیەکیشیان وەک ئۆرگانی خۆیان دەرکردووە و ئەوەش دەشێ بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە بێت کە لەناو بەستێنی سیاسی عوسمانیدا ڕووی داوە، ئاڵوگۆڕگەلێکی وەک پەرەگرتنی هزری مەشرووتیەت لەناو دەسەلاتی عوسمانیدا، پەرەگرتنی زانست و هزری مۆدێرن بە هۆی پەرەسەندنی خوێندنگا و خوێندنی مۆدێرن، پەرەسەندنی سیستم و ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بلاۆکی کوردی.

جەلادەت بەدرخان یەکێکی دیکە لە تێکۆشەرانی کورد بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەدایک بووە و لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەوڵاتی ئەڵمانیا یاسای خوێندووە، دیارە ژیان لە ئەورووپا و دیتنی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوایی کاری کردۆتە سەر جەلادەت بەدرخان و لەپاش گەڕانەوە بۆ دیمەشق بووە بە یەکێک لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی خۆیبوون ، دیارە خۆیبوون ڕێکخراوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بووە (نەک حیزبێکی سیاسی) بە مەبەستی پەرەسەندنی هزر و ئەندێشەی ناسیۆنالیستی، لەڕاستیدا دەشێ بگوترێت کە جەلادەت بەدرخان لەباری فۆرم و پێکهاتەوە لەڕێر کارتێکەری کردار و کردەوەی پێشکەوتووانەی فراماسۆنێرەکان بووە، ئەو کە باش ئاگاداری مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژئاوا بووە، باش تێگەیشتووە کە لەغیابی هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی عەقڵانییەت و هزری بەرۆژ لەناو تاک و کۆمەڵگای کوردیدا (هەر ئەو ڕەوتەی لە ڕۆژئاوا بەرهەمهێنی پێگەیشتوویی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بووە)، پێشکەوتن و بەدەستهێنانی مافی سیاسیی کورد مەحاڵە، بۆیە لەپاش خۆیی بوون لە کۆتاییەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار و لە پاشان گۆڤاری ڕۆناهی لە دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمدا (ڕۆحانی،1371،ج3،ل52) دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە پێشتر کورد دژی ئیمپراتۆری عوسمانی خەباتی نەکردووە، بۆ وێنە دەکرێ بە خەباتی میرانی کورد دژی دەسەلاتی عوسمانی کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە یان خەباتی شێخ عوبەیدوڵلا ئامارۆ بکرێت، هەروەها بەرە بەرە کە دەسەلاتی سیاسی نوێ لە تورکیا جێگیرتر دەبێت و ڕەوشە بەرپەرچدانەوەی خواستە ڕەواکانی کورد بەرەو تووندوتیژی زیاتر دەڕوات، ئاڕاستەی خەباتی کوردیش بەرەو خەباتی چەکداری دەڕوات کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران یەک لەو شۆڕشانەیە لە تەنیشت شۆڕشی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەکرێ ئامارۆی پێ بکرێت.

مانای وشەکان:

ئانتۆلۆژی: هەستی ناسی یاخود بوون ناسی، یان زانستی ناسینی بوونەوەرەکان، بەواتایەکی دیکە باس لە بوونی ئەشیا، چۆنیەتی ئەشیاو سفەتی هاوبەشی ئەشیا دەکا.

سووژە یان سۆبژە sujet:"وشەیەکی فەرەنسییە لە بەرانبەر ئۆبژەدا، ئەوەیە کە تێ ئەفکرێ و هەست پێ ئەکا و پێئەزانێ. ... کەوابوو، ئۆبژە ئەبێتە ئەوەی کە بیری لێ ئەکرێتەوە و هەستی پێ ئەکرێ و پێ ئەزانرێ.

ئۆمانیزم (Humanisme) : مرۆڤگەرایی.




بلا ڕۆژەک ژی بۆ شەهیدێن کوچا ملیونی بهێتە دیارکرن



دیار کازم

یا خۆیایە کو کوردان زۆر دەردەسەری وکوشتن وکاڤلکاری و نەدامەتی لسەر دەستێ داگیرکەرێن کوردستانێ دیتیە ، هەر ل دەستپێکا دامەزراندنا دەولەتا عیراقی و تا نها ژی بەردەوامە. کوردان هەولدایە ب هەمی ڕێکان مافێن خو ب دەست بینن چ ب گوفتوگو یان پشکداری د سازیێن دەولەتێ دا، تاکو گەهشتیە بزاڤێن چەکدار و شورشێن سەرتانسەری تایبەت ل باشوری کوردستانێ.



لێ نە ئێک ڕێزیا نافمالا کوردی ئاستەنگا هەرە مەزن بۆ ب دەستهئینانا مافێن کوردان تایبەت ل پارچەیا باشور و ئەڤ چەندە ب گوتارەکێ ناهێنە بەحسکرن.

د مێژوویا نودا کوردان چار جاران ب هەڤرا ئێک هەلوێستبوونە ئەو ژی کوچا (1975) دەمێ شورشا ئیلولێ هاتە ژ ناڤبرن، و سەرهلدانا (1991)،و کوچا ملیونیا (1991) ، و ریفراندوما (2017)، هەر ئێک ژ ڤان ڕویدانان کارتێکرنا خۆیا پوزەتیڤ لسەر دوزا گەلێ کورد هەبوویە تایبەت ژ ئاڤ ناڤەندێن جیهانی دا، هەلبەت ئەڤ چەندە هەمی ب قوربانی دانێ بوون، لێ مەزنترین دەستکەفت و مەزنترین قوربانی کوچا ملیونیا بوهارا (1991) بوو. ئەو ژی هەبوونا چەند فاکتەران.

هەمی چین و تۆیژێن کوردستانێ ب ئێک دەنگ نەڤیا ل ولاتەکێ بژین بیانی حکومرانیێ تێدا بکەت.

ڤێ کوچا ملیونی جیهان هەژاند ب ڕێکا زومێن کامیرا ڕۆژنامەڤانان و سەتەلایتان و ڕێکخراو وکومەلەیێن نێڤدەولەتی هاتنە سەر خەت.

کیمیابارانا هەلەبجە و ئەنفالکرنا کوردان هتد.. ، ئەڤ هەمی ڕویدانە ژ بال نەتەوەیێن ئێکگرتی و ڕێکخراوێن بیانی بکێشەیەکا نافخویا عێراقێ دهاتە ناڤزەندکرن.

ئەڤێ کوچا ملیونی کێشەیا کوردی ژ کێشەکا نافخویا عیراقێ کرە نێڤدەولەتی.

د مێژوویا نودا ب ڤی قەبارێ ول سەدەیا (20) دا پشتی شەڕێ جیهانی دووی ب مەزنترین کوچ هاتە ناڤزەندکرن و زۆر زەحمەتە دوبارە بیتەڤە. ب هزاران خەلکێ کوردستانی ل برسان و سەرمان گیانێ خوژ دەستدا. بۆ ئێکەم جار ئەنجومەنێ ئاسایشیا نەتەوەیێن ئێکگرتی لسەر پرسا کوردان کومبونا نائاسایی لسەر داخازا فەرەنسا گرێدا و بریارا (688) دەرکر وحکومەتا بەعس ناچار کر دەستان ل کوردستانێ بهردەت و دەڤەرەکا ئێمن بۆ کوردان دیار کر.

هەلبەت خەلکی کوردستانی زۆر زەحمەتی دیتێ و زۆر قوربانی دان، وێین لسەنگەری شەهید بیت یان بەر ئەنفالا کەفتبیت یان کیمیاباران بیت هەمیان گیانێ خو لدەستدایە، نزانم ئەڤ دەستەواژەیە چیە بۆ شەهیدێن کوچا ملیونی دانایی و کرینە شەهیدێن هاولاتی ول هەمی ئیمتیازاتەکا شەهیدا بێ بەهرن تنێ مووچەیەکی (250) هەزار دینار نەبیت.

داخازێ ل لێژنا شەهیدان ئەنفالا ل پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم کو ڤێ دەستەواژێ راستکەنەڤە وەکی شەهیدێن دی ماف وئیمتیازات هەبن هەروەها دوو مۆنومێنتان دروستبکەن ئێک ل حاجی ئومەران و یا دووێ ژی لسەر سنورێ دەڤەرا بەرواری بالا ل پاریزگەها دهۆکێ، و ڕۆژەکی دیاربکەن بۆ ڕوژا شەهیدێن کوچا ملیونی.



ئێمە چەند بە ڕێزو ستایشەوە یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەینەوە کە خەباتیان دامەزراند، بەهەمان گەورەیی و سوپاس و پێزانینەوە یادی ئەو هەموو ستافانە دەکەینەوە کە نەیانهێشتووە دەنگی گەلی کورد بوەستێ

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 50 ساڵەی خەبات)

کوردانی سووریا

لە پەراوێزخستنەوە بۆ ئۆتۆنۆمی

ڕەمزی میرەکانی

کورد، کە ڕۆلێکی بەرچاویان لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی داعش لە باغوزا هەبوو ، ئۆتۆنۆمییەکیان لە باکوور و باکووری خۆرهەلاتی سووریا بنیات ناوە، زمان و کولتووری خۆیشیان زیندوو کردووەتەوە، لەچەندین بەرەشدا بە تونڈی لەدژی داعش جەنگان، بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسا بڵاوی کردووەتەوە. یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)کوردی، لەگەڵ هێزەکان سووریای دیموکرات، بە دووەم هێزی باڵادست بەسەر زەوی، دوای هێزەکانی ڕژێمی سووریا دادەنرێن، دەستیان بەسەر نزیکەی 30%ڕووبەری وڵاتدا گرتووە، لەوانە چەند کێڵگەیەکی گرنگی غاز و نەوت و زەوی کشتوکاڵیی فراوان. ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسا سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، ئەو کوردانەی بە شێوەیەکی سەرەکیی لە باکووری سووریا دان، ڕێژەی 15%کۆی تەواوی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، زۆربەشیان موسڵمانی سوننەمەزهەبن، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لەوانەی موسڵمان نین. لە پاش ئەو سەرژمێریە مشتومڕهێنەی لە ساڵی 1962ئەنجام درا، ڕەگەزنامە لە ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانە سەندرایەوە، کە دواتر چەندین دەیە بەدەست پەراوێزخستن و چەوسانەوە، لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی سووریا نالاندیان، بەمەش لە خوێندن بە زمانی خۆیان، ئاهەنگگێڕانی جەژنەکانیان و ئەنجامدانی داب ونەریتەکانیان بێبەش بوون. کاتێکیش لە ساڵی 2011 ململانێیەکان لە سووریا سەری هەڵدا، زۆربەی کوردەکان هەڵوێستێکی بێ لایەنیان هەڵبژارد، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم ڕووبەڕووی یەکتری نەبوونەوە، ئەوەش وایکرد لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی و سەربازیی سووریاوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، گلەییان لەوەبوو لەدژی هێزەکانی ڕژێم ناجەنگن. بە گوێرەی ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسادا هاتووە، کە ئەوەش دەخاتە ڕوو، سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، لەسەرەتای ڕووداوەکاندا دەستپێشخەری بەخشینی ڕەگەزنامەی بە 300 هەزار کورد کرد، دوای نیو سەدە چاوەڕانی، لە هەوڵێکی بۆ دەستەمۆکردنی کوردەکاندا. لە ساڵی 2012دا، هێزەکانی ڕژێم بەرە بەر لەو ناوچانە لە باکوور و باکووری خۆرهەلاتی سووریا کشانەوە، کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان کورد، ئەوەش وایکرد پێگەی کورد بەهێزتر بێت. لە ساڵی 2013دا، کورد لە سەرووی هەموشیانەوە (یەکێتی دیموکراتی کوردی) کە یەکینەکانی پاراستنی گەل، بە بڵاوی سەربازیی خۆی دادەنێت، ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی ڕاگەیاند. لە ئاداری ساڵی 2016دا، کورد سیستمی فیدرالیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان ڕاگەیاند، کە کردیانە سێ هەرێم ئەوانیش: جزیرە (پارێزگای حەسەکە لە باکووری خۆرهەلات)، فورات (باکووری ناوەڕاست، کە لە چەند بەشێک لە پارێزگای حەلەب و پارێزگای ڕەققە پێکهاتووە) و عەفرین (باکووری خۆرئاوای سووریا، کە دەکەوێتە پارێزگای حەلەب).

کورد لە ساڵی 2018دا، عەفرینیان لەدەستدا، دوای ئەو هێرشەی هێزەکانی تورکیا و چەند هێزێکی سووریای سەر بەوان کردیانە سەر شارەکە. ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بەدڵی ڕژێم، ئۆپۆزسیۆن و تورکیاش نەبوو ، کە لە بەرپابوونی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی لەسەر سنوورەکانی، هاوشێوەی کوردستانی عێراق دەترسێت. لە کۆتاییەکانی ساڵی 2016 دا، کورد دەستوورێکیان بۆ سیستمی فیدرالی ڕاگەیاند و ناویان نا (گرێبەستی کۆمەڵایەتیی)، وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسادا هاتووە، کە ئەوەش دەکات، دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان، لە ئەیلولی ساڵی 2017دا، ئەنجومەنەکانی شارەوانیان هەڵبژارد.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای پریمن جۆری ئۆتۆمبێل: اسکانیا مضخة کونکریت سیارە/ سکس ویل دبل قمارە رەنگی زەرد مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٩٥٨٨ ژمارەی لاشە (شاصی) YS٢PAX٤٠٠٥٢٠٠٤٤٧١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە بیار حمید صالح جۆری ئۆتۆمبێل: کیا ریو ٤ بستون ئۆتۆماتیك رەنگ رمادی مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤٨٠١١ کاتی هەولێر ژمارەی شاصی: KNADM٤١٢١H٦٠٠٠٠٩١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

دووپێناسی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بەناوەکانی (أحمد إبراهیم عزیز)و (محمد إبراهیم عزیز) ون بووە هەرکەسێك دوزییەوە پەیوەندی بیهینێ بۆ نوسینگەی رۆژنامەی خەبات لەکەلار

* * *

Due to business needs Gazprom Neft Middle East B.V. is looking for a Construction HSE Supervisor
Place of work: Hasira Camp
Schedule of work: 14 working days/14 days off
Start date: April 2019
Responsibilities and Duties:
- Daily Construction HSE supervision in the various construction areas of Company;
- Intervention to unsafe acts and works performed in at-risk manner;
- Provision of HSE expertise and advice to Construction Company & Contractors workforce and management teams;
- Coverage of other Company sites where other construction activities are planned to be performed including but not limited to crane operations, transportation, earthworks, hot works etc.;
- Participation in daily construction HSE related processes including but not limited to Job Safety Analysis, Toolbox talks, Safety meetings and Emergency Drills.
Requirements:
- Education: Bachelor degree in technical science;
3- years of work related experience – as a HSE or Construction Supervisor / HSE team;
- Experience of working at international projects;
- Languages: Kurdish, English – intermediate and higher level;
- Computer skills: MS Office: Word, Excel, Outlook, PowerPoint
- Nationality: Kurdish;
- Availability to work in schedule 14 working days/14 days off.
Compensation and salary package shall be discussed with candidates individually.
Interested candidates meeting the above criteria are invited to apply for the vacancy and send their CVs to HR Department: CV@me.gazprom-neft.ru before 18.04.2019

* * *

Due to business needs Gazprom Neft Middle East B.V. is looking for a Road Safety Officer
Place of work: Hasira Camp
Schedule of work: 14 working days/14 days off
Start date: April 2019
Responsibilities and Duties:
- Inspection of oil tankers prior they enter Company for loading;
- General overseeing of oil tankers and other Company & Contractor vehicles on the roads at/around Company facilities, driver safety briefing, communication Company HSE policies and loading procedures;
- Promoting Company Road Safety requirements among contractors as well as corporate Road Safety policies and procedures;
- Monitoring of contractors' fleet and drivers performance through IVMS systems installed at the vehicles of primary transport and logistic contractors. Speed monitoring spot checking;
- Participation in Road Safety risk assessments and Emergency Reponses drills associated with the corresponding hazards;
- Rotational position 1414/ days on/off the site including night shift.
Requirements:
- Education: Bachelor degree (technical science is preferable);
3- years of work related experience – Road Safety officers / Vehicles inspector / Security vehicles team leaders, Vehicle mechanics / HSE team;
- Experience of working at international projects;
- Valid Kurdish driving license and knowledge of local driving regulations;
- Languages: Kurdish, English – intermediate and higher level;
- Computer skills: MS Office: Word, Excel, Outlook, PowerPoint
- Nationality: Kurdish;
- Availability to work in schedule 14 working days/14 days off (including night shift).
Compensation and salary package shall be discussed with candidates individually.
Interested candidates meeting the above criteria are invited to apply for the vacancy and send their CVs to HR Department: CV@me.gazprom-neft.ru before 18.04.2019

* * *

اعلان
طلب اعلان تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/٣٠/ ١/ ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٢ محلة ((ثير محمد)) باسم ((سامان على مصطفى)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض
مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
عمر محمود محمد

* * *

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
الرقم ٣٥٤
التاريخ/ ٣١/ ٣/ ٢٠١٨
اعلان
طلب اعلان تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٣٠/ ١/ ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٢ محلة ((ثير محمد)) باسم ((سامان على مصطفى)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض
مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
عمر محمود محمد

* * *

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
الرقم ٣٥٣
التاريخ/ ٣١/ ٣/ ٢٠١٨
اعلان
طلب اعلان تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/٢٧/ ١/ ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٢ محلة ((طويله)) باسم ((فيروز محمود محمد)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض
مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
عمر محمود محمد

* * *

المدیریة العامة للدوائر العدلیة
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد/ ٥٠٨/تنفیذ/٢٠١٧
التاریخ/ ٢٠١٩/٣/٣١
اعلان
قررت هذه المدیریة الاعلان عن بیع نصف العقار المرقمة ٢٨٢٩/٢ مقاطعة ١٣ تلكبیر الواقع فی منطقه زاخو المسجل باسم المدین (ماهر عبید سعید) و المحجوز لقاء دین الدائن (شركة ایاد میرو) و البالغ (٢٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثون و عشرون ملیون دینار عراقی، فعلی الراغب بالشراء مراجعة هذه المدیریة خلال مدة ٣٠ ثلاثون یوما تبدا من الیوم التالی للنشر مسطسحبا معه التامینات القانونیة البالغة (١٠٪) من قیمة المقدرة البالغة (٤٤٠٠٠٠٠٠) اربعة و اربعون ملیون دینار عراقی، علما ان رسم التسجیل و الدلالیة تقع علی عاتق المشتری.
المواصفات:
١- الموقع: زاخو – تلكبر
٢- المرقم: ٢٨٢٩/٣ مقاطعة ١٣ تلكبر.
٣- الجنس و النوع: دارسكن.
٤- الحدود و الاوصاف: دارسكنی طابقتین/ الطابق الارضی: (غرفة النوم و استقبال و هول و مطبخ و مرافق صحیة)
الطابق الاول (ثلاثه غرف النوم و هول و حمام و سویدی مرافق صحیة)
٥- المساحة: ١٢٥م٢.
٦- القیمة المقدرة (٤٤٠٠٠٠٠٠) اربعة و اربعون ملیون دینار عراقی
المنفذ العدل/ لقمان سامی جمیل

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/دوو
بریاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە (٨/٣٥٦ کەرتی شاویس) لەگەرەکی (شاویس) لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٨ وە دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە و بەپێی دەسەلاتی ماددە ٦٣ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەر ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو پێی داوم بریارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی (یاسین حسین جرجیس) بچەسپێ و ئەم بریارەش بەپێی ماددەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریتی دادوەری بەرایی یەکەم/ مجید سعید برادوستی

* * *

کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی
خۆیەتی
ژمارە: ١٦٨٦/٢/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ بەڕێز م. یاریدەدەر (رانیا فائق صبری)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر دەستبەکار نەبوونەوەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی نەخۆشی لە ٢٠١٩/٣/٣ داوات لێ دەکەین بگەڕێیەوە سەر کار لە ماوەی ٧ رۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی ماوەی ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگاداریمان لەپەکێك لەرۆژنامە فەرمیەکان بەپێچەوانەوە دەستەبەردار دەبیت لەکارەکەت بەپێی برگەی ٤ ماددەی ٣٧ لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.
پ.ی.د. سیروان عارب صادق
راگری کۆلێژ

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٢٥٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مصطفی جمال ولی) بۆ (بازرگانی گشتی و کەل و پەلی خۆراك/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەرێگای لیژنەی زیادکردنی ناشکرا (المزایدة العلنیة) بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی دوو کۆشك ژمارە ١ یەك لە پارکی (کانیاو) لەرێگای زیادکردنی ناشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ١٥ یەمین رۆژ کە دەکەوێتە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٦ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

* * *


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (رەنجدەر) بۆ بازرگانی فرۆشتنی مولیدەی کارەبای/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر- پاریزەران)
پاکتاوکار/ هۆگر یاسین حسن
ناونیشان/ هەولێر- پاریزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٠٢٢٥

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (موکسی) بۆ بازرگانی گۆشت و پەلەوەر و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر- ژووری پاریزەران)
پاکتاوکار/ عبدالعزیز محمد عبدالقادر
ناونیشان/ ژووری پاریزەرانی هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٢٩٧٣٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٣٢٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (موکسی) بۆ بازرگانی گۆشت و پەلەوەر و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عبدالعزیز محمد عبدالقادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت


JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Technical Support Engineer X 5

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: The main objective of the role is to develop detailed design workpacks and associated material requisitions within discipline and ensure surveys of the worksite are undertaken as necessary to develop the required detailed workpacks

KEY RESPONSIBILITIES

- Delivery for all engineering design activities within schedule whilst maintaining technical integrity under the Management of Change process, and complying with HSE values
- Support engineering design & associated administrative functions across multiple Projects.
- Support the discipline Technical Authority to provide technical oversight of discipline aspects for project and maintenance activities
- Interface with engineering & maintenance service providers, to review, validate and accept their work and deliverables (calculations, design, specifications, etc) that have been developed
- Co-ordinate project design activities within the section to ensure the achievement of quality, completion and commercial objectives
- Preparation of budgets and schedules for management approval and plan assigned projects.
- Participation in field maintenance/turnaround campaigns

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Degree Qualified in an appropriate discipline (Electrical, Instrumentation & Control, Mechanical or Process)
- Minimum of five years engineering experience in an oil / gas, petrochemical processing, industrial manufacturing or power generation facilities
- Preferring five years of process plant/ maintenance operations experience
- Fluency in Kurdish & English, both written and spoken

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٣/٣١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد سام حمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوو دانە ئامێری دەرهێنانی شوێنی کیلۆن و نەرمادە ژمارە/ ٢٢٠١ و ٢٢٠٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٢* ٠,٧٥.
٢- ئامێری بەزاویەکردنی المنیۆم (کەتەر) ژمارە/ ٢٢٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W١,١.
٣- سێ دانە ئامێری کەتەری برینی المنیۆم ژمارە/ ٢٢٠٤ و ١٩٩٨٤٢ و ١٩٩٨٤٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٣* ٠,٧٥.
٤- دەرهێنانی پیتی T المنیۆم ژمارە/ ٢٢٠٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W١,١.
٥- دریلی ستوونی ژمارە/ ٢٢٠٧ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W١,١.
٦- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ٢٢٠٦ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.V.A٦٢.
٧- ئامێری پرێسی خوارکردنەوەی پلێت ژمارە/ ٦٠١١٢ دروستکراوی خۆماڵی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.V.A٦٢.
٨- ئامێری قەوسکردنی المنیۆم ژمارە/ ١٩٩٨٤٠ دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٧,٥.
٩- ئامێری مقەسی برینی پلێت ژمارە/ ١٩٩٨٤١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٧,٥.

***

بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
خوێندنی
ژمارە: خ/٢٧٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٧
بۆ/ بەڕێز/ ئیڤان شێرزاد عبدالرحمن فەرمانبەر بەناونیشانی (ج.س. پیشەیی)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر ئەوەی لەرۆژی ٢٠١٩/٢/١٩ لەدەوام دابراوی تاکو ئێستا دەست بەکارنەبووی ئاگادارت دەکەینەوە دەست بەکاربێت لەماوەی یەك هەفتە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی یەك مانگ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بە یاسایی خزمەتی شارستانی کۆتایی بەراژەکەت دێت.
سیروان عثمان حسن
بەڕێوەبەری راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٤٢٦٣
ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/١
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٤/١٦٠ کە کەوتوتە کەرتی ٩٨ قلیان دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شیرکو عابد محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی غازی محمد علی میکائیل بەبڕی/ ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٤/١٦٠ ك ٩٨ قلیان
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی شێوازی ڤیلا لە دوو نهۆم هەر نهۆمێك پێك دێ لە هۆڵی پێشوازی وە هەشت ژوورو چوار حەمام و چوار مطبخ گەورە وە باخچە و وە مەلەوانگە.
٥ – رووبەرەکەی/٢٠١٨,٢٤ م٢
٦ - پلەی ئاودانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٩٣٠,٠٠٠,٠٠٠ نۆ سەدو سی ملیۆن دینار.

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:١٦٩/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٣/١٧
جاردان
بۆ داوالێکراو (فرهاد داود فیض الله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (فلورا علی محمد حسن) داوای ژمارە ١٦٩/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاق دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەرەکی هەولێری نوێ) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٤/٢١ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمەلە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ عبدالله عثمان خضر

***

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی مخمور
نوسینگەی ڕاگر
ژمارە: ١/١ أ-٥٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڵاوکردنەوەی گۆڤار
داواکارین ئەم راگەیاندنەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کۆلێژەکەمان بۆ بڵاوبکەنەوە:
گۆڤاری (لێوار) کە خاوەن ئیمتیازەکەی (کۆلێژی پەروەردەی مەخموور)ە سەرنووسەرەکەی بەڕێز (پ.ی.د چتۆ حمدامین سایل)ە بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێرە بەشێوەیەکی (مانگانە بە زمانی کوردی و عربی) دەردەچێت کە هەر کەسێك تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکات: سەرنووسە.
پ.ی.د. چتۆ حمدامین سایل
ڕاگری کۆلێژ

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:١٤/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٧٤٥٣٤/هەولێر / تایبەت) جۆری (کیا سیراتو) مۆدیل (٢٠١٣) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (ارام ازاد مصطفی) لە رۆژی (٢٠١٩/٤/٢٤) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٩٠٠٠٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار).
دادەری یەکەم / دیار محمد علی

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٣١٤٥)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك (١٠) سوێرێ لەپشت ڕێگای هەولێر- گوێر، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
نزار حسین عبدالله
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسێتی/٣
ژمارە: ٣٨٧٥/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگانامە
داواکار/ هیرش قادر حمه علی
داوالەسەرکراو/ خانم تحسین حمید
(هیرش قادر حمه علی) داوای ژمارە (٣٨٧٥/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە کە پەسەند کردنی طلاقی دەرەکی ،وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دابینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/٤/١٦) سەعات (٩:٢٥)ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبەن خۆتان یان بریکاری نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ قادر بارام فتاح

***

دادگەها کاروباری کەسایەتی زاخو
ژمارە / ٤٧ /کاروبار / ٢٠١٨
میژوو / ٢٠١٩/٣/٢٧
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (ایزدین برکات خلف) جهێ ئاگنجیبینا بەرێ زاخو / کەمپا چەم مشکو , جهێ ئاگنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٨/١/٢٢) ل داوا ژمارە (٤٧/کاروبار/٢٠١٨) بریاردا ب پێکیرکرنا تە ب دانا کوژمێ (٩,٠٣٤,٥٠٠) نەە ملیون وسیە وچار هزار و پێنج سەد دینارێت عیراقی وەك خەرجییا بوری (نفقة ماضیة) بۆ کور و کچێت داواکار (صبریة حسن علی) هەر ژ (٢٠٠٣/٢/٢٢) تا (٢٠١٨/٩/٢٢) , وهەر وەسا دانا کوژمێ (٦٠,٠٠٠) شێست هزار دینار وەك خەرجییا پژیوی بەردەوام (نفقة مستمرة) بۆ هەر ئێك ژ کور و کچێت داواکاری , دەسپێدکت ژ ڕۆژا ڕاکرنا ڤێ داوایێ ل (٢٠١٨/٩/٢٣) و دگەل ماندییبنا پارێزەری بۆ بریکارا داواکاری پارێزەر (شیاء عبدالله عمر) ب کوژمێ (١٠٠,٠٠٠) سەد هزار دینار , و ژبەر نە دیاربونا جهێ ئاگنجیبینا تە لدیڤ نقیسارا بنگەهێ پولیسێن سیالکا ژمارە (٦١٢)ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٢/٢٦) , وهەڤپێچ دگەل پەسندا کارگێریا کەمپا چەم مشکو کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤبری نوکە نە ئاگنجیبیە ل کەمپا مەدا و چوویە جهەك نە دیار و مە هیچ پێزانین ل سەر ناڤبری نینن)) , ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاگنجیبینا تە دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخویی و ڕۆژانە دا , دا تو بهیێە ئاگەهدارکرن ب بریارێ , و تە مافێ نەرازیبیین و پێداچوونێ هەیە د ماوێ یاساییدا و بەرقاژیا بریار دێ پلا دووماهیکێ وەرگرت ....
دادەر/ دارا طاهر توفیق

***

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٧ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ١ / ٤ / ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : صدام هاشم صالح
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٩٧ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٣/١٣) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (هند محمد صالح) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاگنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٤٠١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلشاد محمد علی)
داواکار (فرهاد محمد علی) داوای ژمارە (٤٠١/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بەگەراندنەوەی بری (١٨٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ژیان) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دابینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بەپاشمەلە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر

***

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە/١٤٥١
ڕێکەفت/٢٠١٩/٣/٣١
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فرۆتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ساڵا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (ئاڤاهیێ کافیتریا یێ ژمارە (٢) دکەڤیتە دناڤ پارکا شەهیدان) رووبەرێ وێ (١٠٧)م٢ بو ماوێ (٣) ساڵا ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامە فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی بەشی یاسایی
ژمارە: ٣١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١
ئاگاداری
ئاگاداری سەرجەم هاوواڵتیان دەکەینەوە کە وەبەرهێنەران (هاوکار طه صالح و طه صالح مصطفی) کە پرۆژەی (نەخۆشخانەی رۆنیای تایبەت) بە مۆڵەتی ژمارە (٣٠٣)ی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکات، ناوی پرۆژەکە لە (نەخۆشخانەی رۆنیای تایبەت) دەگۆڕێت بۆ (نەخۆشخانەی شار) هەر کەس و لایەنێك لاری هەیە لەسەر ناو گۆڕینەکە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بکات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارکردنەوەیە.
سامان عارب صادق
بەڕێوەبەری گشتی

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Supply Chain Operations Lead
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Role:
Leading a supply chain functional optimization program, including development of supporting dashboards, targets, reports and procedures / processes.
Supplemental Role:
For specific contracts assigned to the position having the single point accountability from inception till close out including development of contracting strategy, tendering, award proposals and providing contractual support during execution of the contract.
Primary responsibilities:
• Working across the complete end to end supply chain to drive in efficiencies, working alongside the operational teams/functions to diagnose root causes, extract insights, troubleshoot and optimise the processes and value for the customer;
• Defining and monitoring supply chain performance, identifying key customer relevant parameters, continuous improvement opportunities;
• Analyses of complex situations with proposed improvements/solutions and understanding the Key Performance Indicators (KPIs);
• Run /lead root cause analysis and define together with the different operational functions mitigation/improvement actions and follow them up until sustainable implementation;
• Liaise and work with other parts of supply chain organization to implement the adequate measures to improve operations and hence customer satisfaction;
• Launch, track and follow up improvement projects / actions;
• Propose new Key Performance Indicators to better monitoring Supply Chain Operations;
Required Qualifications & Experience:
• Degree or equivalent in e.g. Supply Chain Management, Oil and Gas Law or other relevant degree; 15+ years relevant experience;
• Demonstrable experience in procurement of goods and services (preferably within a large International Upstream Oil & Gas organisation);
• Ability to draft governance submission papers for Management Committee approval;
• Skills level of International Procurement Governance;
• Awareness of Best Practices in Supply Chain procedures;
• Min 5 years working knowledge in more senior Supply Chain engineering positions;
• Preference for CIPS (or equivalent) certification.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Emergency Response and Crisis Management Coordinator
Work Location	Field (Tawke)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
• Preparation and maintenance of Crisis Management Team (CMT), Emergency Support Team (EST) and Emergency Response Team (ERT) plans.
• Coaching and training according to agreed schedules and competencies for non-dedicated EST and ERT members to ensure an acceptable level of response capability for all credible emergencies in line with the BU Emergency Response Philosophy
• Work with local authorities to improve local authority capability to assist DNO in the event of an incident.
• Liaise with other IOCs to negotiate, agree, prepare and coordinate mutual cooperation and support efforts during Major Emergency Events.

Required Qualifications & Experience:
• Internationally or nationally recognized qualification in on-scene command and emergency response
• At least 15 years practical experience in on-scene and emergency response which must include oil and gas onshore experience as well as Sour Gas Experience.
• Has fulfilled a similar role and can provide references of capability.
Key Competencies:
• On scene commander competencies in an international setting
• Experienced coach and trainer with preference to those candidates with experience in developing safety cultures
• Must be able to develop and write clear and pragmatic credible ER plans that are easily understood and executed in the field.
• Experience in responding to: Fire and explosion, confined space and rescue at height, sour gas release, spills and hazardous materials containment.
• Previous engagement with National authorities and other IOCs
• Preferred – incident and accident investigation experience
• Preferred – First person on Scene Medical Training (refreshed every three years)
• Preferred – Qualified and authorised to deliver internationally recognized training
• Ethical conduct

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no





ئەمریکا و ئێران ..

کۆمەڵێک لێکدانەوە و چەند پرسیارێکی گرنگ

هێما سۆفی

ئامانج و سیاسەتەکانی حکوومەتی ترامپ بەرامبەر ئێران چییە ؟ پێش دوو ساڵ و نیو کە ترامپ لە پروپاگەندەی کاتی بەربژێری خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئێرانی وەک تەوەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی پێناسە کرد و زیاتر لە ساڵێکە ئێران بۆتە گرنگترین بابەتی نێودەوڵەتی کابینەی ترامپ، بەو حاڵەش سیاسەتەکانی کۆشکی سپی سەبارەت بە ئێران دوو بەرەکی و مشت و مڕی زۆری لەسەرە کە زۆر جار بۆتە کۆسپی سەرەکی لە هەمبەر جۆری ڕەچاوکردنی سیاسەتی گونجاو سەبارەت بە ئێران و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا ، لە لایەکی تریش بوونی ئەو مشتومڕە بە جوانی هەستی پێدەکرێت چونکە ئیدارەی ترامپ تاکو ئێستا چەند جۆرە سیاسەتێکی دژ بە ئێران گرتۆتە بەر.

کارکردن لەم چوار چێوەیەدا کە بە دەستکەوتێکی گرنگی دیپلۆماسی دوای دەیان ساڵ کێشە و مەلمانێ وەسفی دەکەن . ئەوەی گرنگە لەم سیاسەتەی ئەمریکا کە دواتر لە خاڵەکانی تر بە وردی باسی دەکەین هاوشێوەی کۆریای باکوور ئەمریکا دەیەوێت بە دەستپێشخەری خۆی و کەمترین تێچوو ڕژێمی ئێران بکێشێتە سەر مێزی ئەمریکا هەڵەی وا دووبارە بکاتەوە...

شێوازێکی تری ترامپ لە چوارچێوەی دانوستان دایە و بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جار ڕایگەیاندووە کە ئامادەی دانیشتن و وتوێژە لەگەڵ بەرپرسانی ئێران لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی نوێی دیاریکراودا کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تێدا دەستەبەر بکرێت.

جۆری سیاسەتی سێیەم بە تایبەتی کە جان بۆلتۆن ،ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی زۆر داکۆکی و بەرگری لێدەکات،گەمارۆی سیاسی و ئابووری زۆر توند و هەمەلایەنەیە دژی ئێران تا ئەو ئاستەی ڕەنگە ببێتە هۆکاری دارمان و لە ناوچوونی ئەو دەسەلاتە . بەڵام خاڵی سەرەنج ڕاکێش لەم سیاسەتەدا ئەوەیە کە ئەمریکا تەنانەت ئەگەر وای دابنێین دەسەلاتی ئێران بروخێ ، هەڵوێستێکی فەرمی نەبووە، بە واتایەکی تر جۆرێک ساردی و بێ مەیلی لەسەر ئەم بابەتە پێشان داوە کە تاکو ئێستاش ئەمریکیەکان خوازیاری گۆڕانی کردەوە و سیاسەتەکانی ئێرانن نەک گۆڕینی...

لەم سیاسەتەی ئەمریکا ڕەنگە چەند ڕووداو بۆ ئێران بێنێتە ئاراوە ، بەو واتایەی پێشبینی بۆ کراوە لەوانەیە کودەتای سەربازی ڕووبدات ، هاوشێوەی میسر یان لەت لەت بوونی ئێران وەک لیبیا یان لاوازکردنی قۆناغ بە قۆناغی دەسەلات وەکو ڤەنزویلا..لە ئەگەری ڕووداندا هەر یەک لەم حاڵەتانەدا بۆ ئێران و گەلانی ئەو وڵاتە زۆر کاردساتی نەخوازراوی بەدوا دا بێت.

لە ڕوانگەی ئەمریکاوە ، ئێران ئەکتەرێکە کە ڕۆڵی نێگەتیڤی هەیە لە ناوچەکەدا و ئەگەر دەیانەوێت ئاشتی و هێمنی لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە دەبێت پێش بە سەرهەڵدانی ئێران بگیرێت . ئەم تێڕوانینە لای خۆیەر و منیش تەنانەت هەندێ پرسیار دێنێتە ئاراوە کە وەڵامەکانی پارادۆکسی زۆری تێدایە:

بۆ ئەمریکا درەنگ و لە کاتی پێویستدا هەڵوێست و سیاسەتی گونجاوی بەرامبەر ئێران نەگرتەبەر؟

هەمیشە ئەمەریکا ئێران بە پشتگیرکردن لە تیرۆر و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و پەردان بە پرۆگرامی موشەکی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتبار دەکات ، هۆکار چی بوون کە بێدەنگی و چاوپۆشی لەمە کردووە ؟

ڕۆڵ و سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیز بە درێژایی زیاتر لە پێنجسەد ساڵ لە پشتگیری و داکۆکیکردن و تەنانەت دارشتنی بنەماکانی شیعیزم وەک کارتی گوشار بەرامبەر بە سوننە و زۆر جارێشتایبەت دژی گەلی کورد .. دەکرێ یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ڕژیم بووبێت و لە داهاتووشدا بەردەوام بێت؟

سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل لە هەمبەر ئێران و پاڵپشتی حزبوڵا و حەماس و .....

دەوری کاریگەری هەیە دژ بە ئێران ؟ یان زیاتر وەک مانۆرێکی سیاسی و شەڕێکی دەروونی لەگەڵ ئێران بە کاری دێنێت ؟ داگیر کردنی بەرزاییەکانی جۆلان بە ڕەسمی لە لایەن ئیسرائیلەوە بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئاماژەکانی چەند دێری سەرەوە....



لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا زۆر شێلگیرانە پێداگری دەکات و سیاسەتی خۆی بە پێێ ئەو نەخشەڕێگایە پەیڕەو دەکات، مەگەر پشتی پەردە ساتر و سەودا باجی ئێران بێت کە ئێستا لەم بارودۆخە گرنگ و هەستیارەدا و تاراەیەکی بەرچاو کۆدەنگی بەرچاو کۆدەنگی سیاسی دژ بە ئێران لە ناوچەکەدا بە دووری دەزانرێ

یەکەم سیاسەت، بە سەرۆکایەتی مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بونیادی هریتیج لە واشنتۆن گەڵاڵە کرا بە چەشنێ کە ئاسانکاری لەگەڵ ئێران وەکو بارودۆخی هێرشبەری لە کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سوریا و پشکنینی بەربڵاو و دروستتر لە دامەزراوە و پەرگە ناوکییەکان و موشەکی ئەو وڵاتە مەرجدار کرد و ئەو خاڵانەی وەک بنەمای ئاسایی کردنەوەی دۆخی نێوان تاران و واشنتۆن هێنایە بەر باس و کردییە سەردێر و بابەتی سەردەرکی هەموو میدیاکانی جیهان...

مایک پۆمپیۆ بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند ئەو مەرجانە بە واتای گۆڕینی دەسەلات لە ئێران نییە بەڵکو جەخت و پێداگرییە بۆ ئەوەی ئێران ببێتە وڵاتێکی ئاسایی و ئەندامێکی بەرپرسیار لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ، بەڵام دیار نییە کە ئاخۆ ئێران ئەو مەرجانە قبوڵ دەکات یان نا . هەر بەو پێیەش کردەوەکانی کاربەدەستانی ئێران تاکو ئێستا ئەو ڕاستییە دەسەلێنێت کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەی قبوڵکردنی ئەو مەرجانە نین و بە لێکدانەوەی خۆیان و بەرژەوەندی و سیاسەتیان لە ناوچەکەدا بە هێڵی سووری پێناسە دەکەن و ملکەچی خواستی ئەمریکا نەبوون ، بەو حاڵەش هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی پێنج کۆ یەک بە هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەی کە لە سەردەمی باراک ئۆباما هاتبووە ئاراوە و بەرهەمی سەدان کاتژمێر کاری دیپلۆماسی و سیاسی بوو ، کەوتە ژێر کۆمەڵێ پرسیار و لە هەمووی گرنگتر ناکۆکی نێوان سێکوچکەی ئێران ، واشنتۆن و ئەوروپا ، کە هەریەکەیان هەوڵ دەدات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا کاری دیپلۆماتیک بکەن و بتوانن یەکتر رازی بکەن کە ئەوروپاییەکان زیاتر تا ئەم چرکەساتەش سوور و پێداگرن لەسەر بەردەوامبوون لە وتوێژ و دانوستانەکان بە پێی خواست و بڕیار ئەمریکا و بەرژەوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت و هەر بۆیەش لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا زۆر شێلگیرانە پێداگری دەکات و سیاسەتی خۆی بە پێێ ئەو نەخشە ڕێگایە پەیڕەو دەکات ، مەگەر پشتی پەردە ساتر و سەودا باجی ئێران بێت کە ئێستا لەم بارودۆخە گرنگ و هەستیارەدا و تاراەیەکی بەرچاو کۆدەنگی سیاسی دژ بە ئێران لە ناوچەکەدا بە دووری دەزانرێ جارێکی تر بە ڕەچاوکردنی ئەو پرسیار و لێکدانەوانە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە گەمارۆکانی ئەمریکا و جۆری سیاسەتی لە ناوچەکەدا و فرێکانسەکانی بۆ ئێران تەنیا پەیامێکی ڕوونی پێیە کە ئێران لە ناوچەکە بە گشتی و لە سوریا بە تایبەتی پاشەکشە بکات و ڕێککەوتنێکی نوێ لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی و موشەکی ئێران واژۆ بکرێ بەڵام هەرگیز خوازیاری گۆڕینی دەسەلات نییە بە پێی ئەو هەلومەرج و دۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست تێی گلاوە و لەلایەکی تریش چونکە تاکو ئێستا ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز و یەکگرتوو لە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا نەهاتۆتە ئاراوە و هاوکات ڕۆڵ و سیاسەتی بەریتانیاش تێڕوانینیان لە بابەتە هەستیارەکانی ناوچەکەدا کۆمەڵێ ڕاستی پشتی پەردەن کە دەبێ هەردەم بیریان لێ بکەینەوە و بە دووری نازانم هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی نوێ یان هەر دژایەتی و ناکۆکیەک لەسەر دەستی ئەکتەری سەرەکی ناوچەکە واتە دەوڵەتی ڕووسیا دێتە ئاراوە و ڕووسەکان زیاتر هەوڵ دەدەن بە دوور لە هەژمونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە گشتی و دەوڵەتی ئێران بە تایبەتی بالانسێک بێننە ئاراوە کە هەم بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێدا پاریزراو بێت و لە لایەکی تریش وەک جەمسەرێکی بەهێز خۆی بەسەر ڕۆژئاواییەکاندا فەرز بکات ((چەندین سەردان و کۆبوونەوەی بەرپرسانی بالای ئیسرائیل و ڕووسیا لە ساڵی 2018 سەلێنەری ئەو ڕاستیەن کە ئاماژەم پێ کردووە.





(خەبات) شانازیی ئەوەتان هەیە کە هەڵگری ناسناوی پێشمەرگەی ڕاگەیاندن بن، چونکە (خەبات) هەمیشە داکۆکیکارێکی بەهێزی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بووە

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 55 ساڵەی خەبات)

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1917:
کۆنگرێسی ئەمەریکا بڕیاری دا وڵاتەکەی لە دژی ئەڵمانیا بچێتە نێو جەنگی یەکەمی جیهان .



ساڵی 1930:
هیلاسی لاسی بوو بە ئیمپراتۆری حەبەشە .



ساڵی 1982:
بەهۆی داگیرکردنی دوورگەکانی فۆکلاند، بەریتانیا پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئەرژەنتین پچڕاند.



ساڵی 2005:
ڤاتیکان هەواڵی کۆچی دوایی پاپا یوحەنا پۆلسی دووەمی ڕاگەیاند .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/4/2 ژمارە (5722)
خەبات

بۆچوونی ئابووری

بە ژمارە ..

لێکەوتە نێگەتیڤەکانی بڕێکزت لەسەر ئابووری بەریتانیا



ئا : هەندرین شێرزاد

ئەو مشتومڕەی چەند ساڵێکە لەسەر مەسەلەی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا سەری هەڵداوە ، کاریگەریی نێگەتیڤی زۆری لەسەر ئابووری بەریتانیا بەجێ هێشتووە ، دەکرێ بڵێین ئەمە شارەزایان بەشێوەیەکی ڕەشبینانە دەڕوانە داهاتووی باری ئابووری بەریتانیا ، مەسەلەکەش زیاتر پەیوەستە بە دوو هۆکارەوە ، یەکێکیان بوونی ناکۆکیەکی تونده لە ناوخۆی بەریتانیا سەبارەت بە ئەگەری چوونەدەرەوە بە ڕێکەوتن یان بەبێ بوونی ڕێککەوتن ، هۆکاری دووەمیش نەگەیشتنە بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەگەڵ کۆمسیۆنی ئەورووپا بۆ ئەوەی هەر نەبێ کەمێک لەو مەترسیانە کەم ببنەوە کە خودی یەکێتی ئەورووپا و بەریتانیاش لێی دەترسن .

گەشەی ئابووری

سەبارەت بە ئاستی گەشەکردنی ئابووری لە ساڵی 2019 بەریتانیا ئاستی پێشبینیەکانی دابەزاندوە . پێشتر چاوەڕێ دەکرا ئابووری شانشینی یەکگرتوو بە ڕێژەی 1.6% گەشە بکات بەڵام دواتر ڕێژەکە بۆ 1.2%دابەزی .هاوکات بە گوێرەی ڕووپێوێک کە لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە لە مانگی شوباتی 2019و بەهۆی مەترسەکانی بڕێکزت و سستبوونی گەشەی ئابووری جیهان بە گشتی ،جارێکی دیکە ئابووری بەریتانیا لە حالەتی وەستانی گەشەکردن نزیک بۆتەوە .ئەم ڕووپێوە پێشبینی ئەوەشی کردووە کە پێنجەم گەورەترین ئابووری جیهان لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی 2019تەنیا بە ڕێژەی 0.1%گەشە دەکات . ئەمەش لە کاتێکدایە کە ساڵی ڕابردوو ڕێژەی گەشەکردن 1.4%بووە و ساڵی پێشتریش 1.8% بووە .

هۆشداریەک

کۆمپانیای بی دەبلیو سی بەریتانیای ئاگادار کردۆتەوە لەوەی دوور نیە ئەمسال بەریتانیا لە پلەی پێنجەم گەورەترین ئابووری جیهان دابەزێ بۆ پلەی حەوتەم ، بە تایبەتیش دوای جیابوونەوەی لە یەکێتی ئەورووپا و فەرەنسا و هیندیش دەچنە پێشەوە . کۆمپانیای ناوبراو پێشبینی کردووە کە ساڵی 2019 ئابووری بەریتانیا بە ڕێژەی 1.6%گەشە دەکات لە کاتێکدا ئەگەر بتوانێ کەمێک لە ئاسەوارەکانی چوونەدەرەوە کەم بکاتەوە ، سەبارەت بە ئابووری فەرەنسا و هیندیش هەمان کۆمپانیا پێی وایە ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری هەردووک ولات 1.7%و 7.6%دەبێ .

دووڕکەوتنەوەی سەرمایەدارەکان

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی ، نزیکەی سێ یەکی ملیاردێرەکانی بەریتانیا لە ولاٽ دوور کەوتوونەتەوە و ئەوان بەنیازن ڕوو بکەنە ناوچەی ئابووری ئارام و سەقامگیر . لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوەش کراوە کە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندانی بەریتانیا بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە دانی باج ، چەندین ملیار جونەیهیان شاردۆتەوە . لەو بارەوە تایمز نووسیویەتی : لە کۆی 93 ملیاردێری بەریتانی ، 28یان ڕوویان لە ناوچەی ئارام کردووە یان خەریکن دوور دەکەونەوە و سەرمایەکانیان دەگوازنەوە .

ئالوگۆڕی دراو

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای ئارنست ئاند یۆنگی تایبەت بە خزمەتگوزاریی دارایی ، لەوەتەی ڕاپرسیەکەی ساڵی 2016ئەنجام دراوە ، بڕە پارەیەکی زۆر لە ناوەوەی بەریتانیا نێردراوەتە دەرەوە و ئەمڕۆ پرۆسەکە ڕووی لە فراوانبوونی زیاتر کردووە . لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە : لەو کاتەوە تا ئێستا ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەت بە بواری دراو و چەند بانکێک نزیکەی 800 ملیار جونەیە (نزیکەی ترلیۆنێک دۆلار) یان ڕەوانەی ولاتانی ئەورووپا کردووە و لە نێو 222 کۆمپانیاشدا ، زۆربەیان لە ترسی ئایندەی نادیار پلانە سەرمایەگوزاریەکانیان وەستاندووە .

کۆچی کۆمپانیا و بانکەکان

ئاژانسی هۆڵەندی تایبەت بە سەرمایەگوزاریی دەڵێ ڕایگەیاند کە بەهۆی بڕێکزتەوە 42 کۆمپانیا (زۆربەیان بەریتانین و هەندێکیان ئاسیایی و ئەمەریکین) بارەگاکانیان لە بەریتانیاوە گواستۆتەوە بۆ هۆڵەندا ، بەمەش ئەوان نزیکەی 2000 دەرفەتی کار و 291 ملیۆن یۆرۆیان وەک سەرمایەگوزاریی لەو ولاتە دابین کردووە .لە نێو ئەم کۆمپانیایانەدا : بانکی سەرمایەگوزاریی ژاپۆنی و کۆمپانیای TVT تایبەت بە میدیا و کۆمپانیاکانی مارکیتاکیس و ئەزمۆی تایبەت بە خزمەتگوزاریی دارایی و کۆمپانیای یوکایپی ئەند ئەی کە تایبەتە بە تەئمینی دەریاوانی .هەروەها بانکی فالکۆنی تایبەتی سویسری ڕایگەیاند کە هەموو چالاکیەکانی لە بەریتانیا دەوەستێنێ و پشکەکانیشی لە لەندەن دەفرۆشێتە کۆمپانیای دۆلفین فاینانشالی بەریتانی .

متمانەی کۆمپانیا و بەکارهێنەران

بە گوێرەی زانیاریەکان ،لە مانگی شوباتی ڕابردوو متمانەی کۆمپانیا بەریتانیەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی جیابوونەوەی بەریتانیا زیانێکی گەورە بە کۆمپانیاکان دەگەیەنێ . لەو بارەوە پێوەری بانک لویدزی بەریتانی ڕایگەیاندووە کە لە مانگی شوباتی ڕابردوو ڕێژەی ئەم متمانەیە لە 15 خاڵەوە دابەزیوە بۆ 4% .

دبلن ، ئاراستەی یەکەم

تا ئەمڕۆ دبلنی پایتەختی کۆماری ئێرلەندا ئاراستەی یەکەمی ئەو کۆمپانیایانەن کە بەریتانیا بەجێ دێڵن ، نزیکەی 28 کۆمپانیا ڕایانگەیاندووە کە چالاکی و کارمەندانیان گواستۆتەوە ئەوێ یان بەنیازن وابکەن . 21 کۆمپانیای دیکەش شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیایان هەڵبژاردووە و 19 ی دیکە لۆکسمبۆرگ و 18 کۆمپانیاش پێیان وایە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئاراستەی داهاتووی کارکردنیانە .

جونەیهی ئستەرلینی

بەپێی کۆمپانیای USB تایبەت بە خزمەتگوزاریە دارایەکان ،لەو چەند هەفتەیەی ڕابردوودا بەهای جونەیهی ئستەرلینی بۆ 1.30دۆلار دابەزیوە ، پێشبینیش دەکرێ لە کاتی چوونەدەرەوەی بەریتانیا بەبێ ڕێککەوتن نرخی جونەیه بگاتە 1.15دۆلار .

گومرگ و کارگۆی دەریایی

بەریتانیا بەنیازە ڕێکنەکەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە بڕێکزت ،باجی هاوردەکردن لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەلوپەل هەڵبگرێ و خۆشی لە سەپاندنی بەربەستی توند لەسەر سنوورەکانی نێوان کۆماری ئێرلەندا و ئێرلەندای باکوور بەدوور بگرێ ، دوور نیە ئەم ڕێژەیە بگاتە 87%ی کۆی بەهای کەلوپەلی هاوردە . هەروەها حکومەتی ئەم ولاتە بەتەمای خەرجکردنی زیاتر لە 100ملیۆن جونەیهە بۆ وەکارخستنی کەشتی بارهەڵگری زیاتر .

لەدەستدانی کار

بە گوێرەی تویژینەوەیەک کە لەلایەن ئینتەرپرایز سەنتەرەوە ئامادە کراوە ، ساڵی 2018 کۆمپانیا تازە دامەزراوەکان نزیکەی نیو ملیۆن دەرفەتی کاریان بۆ خەڵکی بەریتانیا دابین کردووە ، لە بەرامبەردا کۆمپانیا کۆنەکان 613هەزار کارمەندیان لەکار دەرکردووە ، ئەم تویژینەوەیە هۆشداریش دەدات لەوەی ئەگەر بەریتانیا بەبێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە ، ئەوا 600 هەزار کەس لە سەرتاسەری جیهان کارەکانیان لەدەست دەدەن و 180 هەزار کارمەندی دیکەی کۆمپانیاکانی ناو 27 ولاتەکەی تریش دەکەونە ژێر هەڕەشە .

کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل

ئاژانسی مودیز ڕایگەیاندووە کە سیناریۆی بڕێکزت بەبێ ڕێککەوتن زیان بە پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل دەگەیەنێ لە سەرتاسەری جیهان ، گرنگترین ئەو زیانانە بڕیتی دەبێ لە وەستانی بازڕگانی ئۆتۆمبیلە بێ گومرگەکانلەگەڵ ولاتانی یەکێتی ئەورووپا . هەروەها ئاژانسی ناوبراو باسی لەوەش کردووە کە هەر ئۆتۆمبیلێک لە ناوەوەی بەریتانیا بەرهەم بهێنرێ و هەناردەی ولاتانی یەکێتی ئەورووپا بکرێ 10% ی وەک باج لێ وەردەگیرێ . دەبێ ئەوەش بڵێین کە تەنیا پارسانڵ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل لە بەریتانیا بە ڕێژەی 9% کەمی کردووە . لەولاش کۆمپانیای هۆندا مۆتۆرزی ژاپۆنی بڕیاری داوە ساڵی 2021 کارگەکەی لە بەریتانیا دادەخات ، بەمەش 2500 کەسی دیکە بێکار دەبن . کۆمپانیای نیسانی ژاپۆنیش پلانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی وەرزشی جۆری ئێکس تریڵ لە ئەورووپا ڕادەگرێ .

کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی

کۆمپانیای ئێربباسی ئەورووپی هۆشداری دا لەوەی ئەگەر بەبێ ڕێککەوتن بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بچێتەدەر ، لەوانەیە کارگەکانی بەرهەمهێنانی بالّی فرۆکەکەی بگوازێتەوە دەرەوەی ئەم ولاتە . لە لایەکی دیکە کۆمپانیای BMA بەریتانی ڕایگەیاند کە دەستی بە وەستاندنی گەشتەکانی کردووە و هەر 17 فرۆکەکەشی لە ئەنجامدانی گەشت بۆ زیاتر لە 25شاری ئەورووپی ڕاگرتووە.

چەمکی سیاسی

بۆرجوازییەت

دەربڕینێکی بە ڕەچەڵەک فەرەنسیە و پێشتر لە شارە گەورەکان بۆ چینی بازرگان و خاوەن کار و سەرمایەکان بەکار دەهێنرا ، بە تایبەتی ئەوانەی لە نێوان چینە بالاکان و کرێکاراندا خاوەنی پێگەیەکی ناوەند بوون . دواتر لەگەڵ داڕمانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ، بۆرجوزاییەکان بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و سیاسیان گرتە دەست و سوودیان لە سەرهەڵدانی قۆناغی پیشەسازی بینی و بوون بە خاوەنی سامانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی . لە ئەنجامدا چەندین شۆڕش لە دژیان بەرپا کرا.

لەلایەن سۆسیالیست و شیوعیەکان بۆرجوازییەت مانای چینی سەرمایەدار دەگەیەنی لە حکومەتە دیموکراسیخوازە ڕۆژئاواییەکان کە خاوەنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانن.





ئەرکی ئێوەو هەموو ڕاگەیاندنەکانە بەرپەرچی ئەو هەوڵە نەزۆکانە بدەنەوە کە کار لەسەر بێ ئیرادەکردن و شکاندنی بڕوابەخۆبوونی تاکی کورد دەکەن

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 58 ساڵەی خەبات)

مانشێت



ئەی ئێف پی :

سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا ڕایگەیاند ئەورووپیەکان سەبارەت بە دۆسیەی بڕێکزت زۆر لەسەر بەریتانیەکان وەستان و خەریکە سەبریان نامێنێ .




سکای نیوز:

لە نزیک شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا فرۆکەیەک کەوتە خوار و بە هۆی ڕووداوەکە سەرۆکی کۆمپانیای فرۆکەوانی ئێس 7ی ڕووسی گیانی لەدەست دا .



ڕۆژنامەی حەیات:

ڕووسیا ئەمەریکای بە هاندانی ڤەنزویلا بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی ناوخۆ تۆمەتبار کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لە ئەفغانستان هێزەکانی تالیبان دوو شارۆچکەیان لە باکوری ڕۆژهەلاتی ئەو ولاتە داگیر کرد .



خەبات لە کات و ساتێک لەدایکبوو کە دۆزی کورد پێویستی بە ڕۆژنامەیەک هەبوو بەرگری لە داوای ڕەوا زمانی شیرینی کوردی بکات

گرنگی هەبوونی کارگە خۆماڵییەکان

کارگەی گوشینی زەیتوون وەک نموونە





داری زەیتوون و بەرهەمەکەی یەکێک لەو سامانانەیە کە دەبێت لە ناو بازنەی کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بە بایەخەوە سەیر بکرێت، لەو ڕوانگەیەوە باس لە گرنگی هەبوونی کۆمەڵەی هەرەوەزی زەیتوون لە کوردستاندا دەکەین ئەو کۆمەڵەیە لەساڵی 2016 لەشاری هەولێر دامەزراوە. بۆ یەکەمجار کارگەیەکی گوشینی زەیتوون لە هەرێمدا دادەمەزرێت کە ولاتی ئیتاڵیا وەک دیاریی دەیبەخشێتە کوردستان وە مەرجی ئەوان ئەوە بوو کە دەستەیەک لە ڕەزگەر و جوتیار خۆیان خاوەندارێتی ئەو کارگەیە بکەن ئەوە هاوکار دەبێت لە زیاتر پەرەپێدانی ئەم بواره گرنگە.

دوای ئەوە کارگەکە دەکەوێتە کار و خۆشبەختانە بەرهەمیشیان هەیە. بایەخی هەبوونی ئەو جۆرە کارگەیە هەمەچەشنە لە پاڵ کاریگەری ئەرێنی لەسەر زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و هاندانی ڕەزگەرەکان بۆ زیاتر بایەخدان بە ڕەز و بەرهەمەکانی خۆیان ئەوە هۆکاریش دەبێت لەخستنە بازاڕی زەیتی خۆماڵی و دوورکەوتنەوەی هاوڵاتیان لە بەرهەمی هاوردە، لەلایەکی دیکە دەبێتە ناوەندێکی زانستی بۆ مامۆستایان و توێژەران، هەروەها زیاتر ئاشناکردنی قوتابی و خوێندکاران بە بابەتەکان لە وانە پراکتیکییەکان ئێمە کە سەردانمان کردن تێبینی زۆر خاڵی گرنگمان کرد کە دەکرێت ببێتە جێی سەرنجی وەزارەتی کشتوکاڵ و و کەرتی تایبەت و بازاڕ و مۆڵەکان و دواجار هاوڵاتیان. لەو کارگەیەدا جوتیار بەرهەمەین دەبێت بەرامبەر بە گوشینی زەیتوونەکەی بڕێک پارە بدا لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێ ئەو بڕە پارەیە تارادەیەک گونجاوە و گرفت لە نێوان ئەو و کۆمەڵەدا دروست ناکات جگە لەوە کەسی شارەزا و لێهاتوویان هەیە بە گوێرەیی توانا ڕێنمایی دەدەنە جووتیارەکان کەوا چۆن و لە چ کاتێک زەیتونەکانیان ببرن و بە چ شێوازێک و لە چیدا بیگوازنەوە بۆ کارگە لەگەڵ زۆر زانیاریی تر کە کاریگەریی دەبێت بەسەر بڕ و کوالێتی زەیتەکە. ئەو کۆمەڵەیە ئامادەیە بەرهەمی جووتیارەکان بکڕێتەوە و دواتر لە ڕێگای تەکنیکی خۆیانەوە لە بەرنامەدایە بەو نزیکانە بیخەنە بازاڕ ئەمەش کاریگەریی زۆر باشی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بڕی زەیتی هاوردە کراو لە ولاتان بەگوێرەی گەوتەی خۆیان و شێوازی کارکردنیان و جۆری کارگەکە و ڕێگایی بەرهەمهێنانی زەیتەکە ئاستی کوالێتی زۆر باشتر و گونجاوترە بەراورد بەو زەیتەی کە لە ئێستادا لە مۆڵەکاندا هەیە لەڕاستیدا زۆربەنی ئەو زەیتانەی کە هاوردە دەکرێن ساختەن و دوورن لە ستاندەر و پێوەرانەی کە دەبێت لە چەشنی سەبارەت بە بەرهەمە خۆماڵیەکە کارگەکە لە توانایدا هەیە کە تەنها جارێک زەیتونەکە بهارێت و بگوشێت ئەوەش وا دەکات کە کوالێتی زەیتی بەرهەمهاتوو زۆرباش و لەبار بێت واتە پاشماوەی هاڕدراو جارێکی تر ناهاڕدرێت ناگوشرێت کە بەدڵنیایەوە زەیتی بەرهەمهاتوو لەباری دووەمدا کوالێتییەکەی خراپترە ئەوەی لەوڵاتاندا هاوردە دەکرێت زۆربەیان لە باری دووەمدان، بۆیە بەرهەمی خۆماڵیەکە زۆر باشترە. لێرەوە داواکارین لەوەزارەتی کشتوکاڵ کە هاوکاری زۆری جوتیاران و ڕەزگەران بکەن و هانیان بدەن تا بەرهەمی خۆماڵی زیاتر بێت وە هەروەها دەبێت زەنگینەکانمان ئەو هەستە نیشتیمانییەیان لەلا دروستبێت کە هەڵستن بە هاوکاریکردنی کەسی شارەزا و کارگەی لەو جۆرە دابەزرێنن کە بە هۆیەوە ولات دەگەشێتەوە وە دووردەبین لە قەیران و دەبینە خاوەن بازارێکی خۆماڵی هەر لەو سەردانەماندا تێبینی ئەوەمان کرد کە دەکرێت لەپاڵ هەبوونی ئەو کارگەیەدا کارگەی تریش هەبن بۆ سوود وەرگرتن لە پاشماوەی زەیتوونە هاڕدراوەکە.بۆ نموونە دەکرێت ئەو پاشماوانە لە کارگەی ئامادەکردنی ئالیکی ئاژەڵدا سوودی لێوەربگیرێت یا لە دروستکردنی پەینی ئەندامی سوود وەربگیرێت لەو گەلایەی کەوەک پاشماوە دەردەچێت وە بە نرخێکی گونجاو بدرێتەوە بە جوتیاران بەو هۆیەش هەم خاک هەم ژینگەکەشمان پاک دەبێ و دووردەبین لەو ژەهرانەی کەلە مەوادی کیمیایی هاوردە دەکرێن.

ئا/ دکتۆر ڕابەر فەتاح سالح

*** کۆلێژی کشتوکاڵ - زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**

ڕۆژنامەی خەبات

پێشەنگ لە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ



ئازاد دیپەگەیی

ڕاستە ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵ و ئۆرگانی گەورەترین حزبی باشووری کوردستانە کە ئەو سیفەتە ڕاستەوخۆ بەرگی سیاسی دێڕشیتە بەر ئەو ڕۆژنامەیە، بەڵام شاراوە نییە کە ڕۆژنامەی خەبات لە سەرجەم قۆناخەکانی خەباتی گەلی کورد بەردەوام بابەتە نشتیمانییەکانی لە باوەش گرتووە و هەوڵی خستنەڕوو و دەرخستن و چارەسەریانی داوە هەر لەو سۆنگەیەشەوە کەرتی کشتوکاڵ و خودی ئەو کەسانەی لە بواری ئەو کەرتە ئابووریە گرنگە کاریانکردووە لە جوتیار و ئاژەڵدار و کشتیار و بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵی یەکێ لە مەسلە گرنگەکان بووە کە ڕۆژنامەی خەبات جیاوازتر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کە لە کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە هەتوتە مەیدان و خزمەتی ڕاستەوخۆ و ناراستوخۆی پێگەیاندوون، ئەوەبوو لە مانگی نیسانی ساڵی 2005دا بۆ یەکەم جار لاپەڕەیەک بەناوی (کشتوکاڵ) هەتا خزمەتی بواری کشتوکاڵی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسان و کەسانی بەهرەمەند و بەرهەمهێن و شارەزایانی کەرتی کشتوکاڵی جگە لە وەشاندنی چەندین بابەتی زانیاری و بە پێز سەبارەت بە شێوەی کارکردنی ناو کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ڕێک بەو شێوەیەی کە لە ولاتانی پێشکەوتووی لەو بوارەدا پەیڕەودەکرێت، ئەو لاپەڕەیش تاکو ئێستا بەردەوامە بە ناوی (کشتوکاڵ و خۆراک) کە بە ئامانجی پێشڤەچوونی ئەو کەرتە ئابووریە کار دەکات لە ڕێگای خستنەڕووی کێشە کشتوکاڵییە کتوپڕەکان و ئەو چارەسەرە گونجاوانەی کە پێویستە بگیرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی زیانە نەویستراوەکان و بەشداری کردن لەگەڵ لایانە پەیوەندیدارەکان بە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە گەیاندنی ئەو کەرتی بۆ ئاستێکی بەرزتر و پڕ بەرهەمتر. هەر لە 60 ساڵیادی وەشاندنی ڕۆژنامەی خەبات پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی سەرجەم هاوکارانمان کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات و ئەو کەسانەی خەمخۆری پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵین و بەڵێنی بەردەوامبوونی ئەو ڕۆژنامەیە دووپات دەکەینەوە بۆ خزمەتی بابەتە نیشتیمانییەکان بە باشترین شێوە، تا ژیان بەردەوام بێت خەبات بەردەوامە.

حەند زانیارییەک سەبارەت بە شێلم

شێلم (شێلغەم) بە یەکێک لە بەروبومە زستانەیە بەسوودەکان دادەنرێت لە پۆلی ڕووەکە ڕەگدارەکانە. چاندن و گەشەکردنی ئەو ڕووەکە لەو ناوچانەدا دەبێت کە پلەی گەرمی مام ناوەندیان هەیە. شێلم بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕەنگێکی تێکەڵ لە سپی و بەنەفسەجی هەیە، هەروەها تامێکی تاڵی هەیە لە پێکهاتەکەیدا بڕێکی زۆر لە کانزا و ڤیتامینی تێدایە لەوانە (ئاسن و کالسیۆم و پۆتاسیۆم) وە ڤیتامینی (A - K - B) . بەهۆی بوونی بڕێکی زۆر لە نیشاستە دەتوانێت وەک جێگرەوەی پەتاتە دابنرێت لەڕووی پێدانی بڕێکی گەرمی بە لەش. شێلم لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە وەرزی زستاناندا بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە لەزۆربەی ماڵەکاندا بوونی هەیە بە زۆر شێواز ئامادە دەکرێت سەرەکیترینیان کوڵاندنیەتی لەگەڵ دۆشاوی ترێ و بە گەرمی پێشکەش دەکرێت یان بۆ ئامادەکردنی شۆربا (مەرەگە) و یان ئامادەکردنی ترشیات وەهەروەها لە هەندێ لە چێشتخانەکان بۆ ئامادەکردنی زەڵاتە سوودی لێدەبینرێت.

گرنگترین سوودەکانی شێلم:

1-پاراستنی لەش لە دروستبوون و بڵاوبوونەوەی خانەکانی شێرپەنجە.

2- یارمەتی خاوێنکردنەوەی ریخۆڵە و قۆڵۆن دەدات بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ڕیشاڵ تێیدا ئەمەش یارمەتی دەرە لە نەمانی قەبزی.

3- ڕێژەیی ئاو لەلەشدا ڕێکدەخات وە میز هێنەرێکی باشە ئەمەش یارمەتی دەردانی بەرد لە گورچیلە دا دەدات.

4- بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی باش لە پۆتاسیۆم تێیدا لەش دەپارێزێت لە پووکانەوەی ئێسک و ددان.

5- هێمن کەرەوەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی کۆکە و ڕەبۆیان هەیە.

6- بەهۆی بوونی ڤیتامین A تیایدا یارمەتی نەهێشتنی کزبوونی چاو دەدات.

ڕێنمایی ئەو کەسانە دەکرێت کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە دووركەونەوە لە خواردنی شێلم بەهۆی بوونی بڕێکی باش لە کار بۆ هێدرایت تێیدا.

ئا/ ڕەهێلە سیامەند قادر
مامۆستای پاریەدەر



چای گەرم ئەم زیانەی هەیە

شارەزایان هۆشداری دەدەن لە خواردنەوەی کوپێک خواردنەوەی گەرم لە بەرزبوونەوەی ئەگەری توشبوون بە شێرپەنجەی سوریتچک و قوڕگ دووقات لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریدەخات ئاوی زۆر گەرم ناوپۆشی دەم و قوڕگ و سوریتچک لەناو دەبات و برینەکانیش گەشەپێدەدات.

زاناکان دەڵێن ئەو کەسانەی لە ڕۆژێکدا 3 کوپ چا یان قاوەی زۆر گەرم دەخۆنەوە کەپلەی گەرمیان لە 60 لە سەدا زیاترە ئەوە مەترسیی توشبوونیان بەو نەخۆشییە 90 لە سەدا بەرز بووەوە. ئەو پلە گەرمییە کەمترە لەوەی لە ڕێنماییە فەرمییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاتووە کە ئامۆژگاری خواردنەوەی قاوە دەکات لە پلەی گەرمی کەمتر 65 لە سەدا، لە هەمانکاتدا خواردنەوەی چا لە پلەی زیاتر لە 75 پلەی سەدی مەترسییەکە چەند جارێک بەرز دەکاتەوە.

توێژەرانی زانکۆی تاران بۆ زانستی پزیشکی لە ئێران دەڵێن: ئەو ئەنجامانە ڕاستن بۆ سەرجەم خواردنەوە گەرمەکان وەک قاوە و شوکولاتەی گەرم.

گەورە ئامادەکاری ئەو لێکۆڵینەوەیە و پزیشکی برینەکان (فەرهاد ئیسلامی) ڕوونیکردەوە کە زۆر کەس تاموچێژ لە خواردنەوەی چا و قاوەی گەرم وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەش خواردنەوەی چای زۆر گەرم ئەگەری هەیە مەترسیی توشبوون بە شێرپەنجەی سوریتچک بەرز بکاتەوە بۆیە پێویستە چاوەڕوان بن تاکو خواردنەوە گەرمەکان سارد بنەوە. لە درێژەی قسەکانیدا ئیسلامی گوتی: زۆر ئاسایی ڕاستکردنەوەیەک بۆ تەندروستی گشتی بکرێت بە گوێرەی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە و ئامۆژگاری هاوڵاتیان دەکەین بە چاوەڕوانی کردن تاکو خواردنەوەکان سارد دەبنەوە بۆ ژێر 65 پلەی سەدی پێش خواردنەوە.

توێژەران لەو باوەڕەدان گەرمی بۆی هەیە سوریتچک بریندار بکات کە ئەوەش دەبێتە هۆی هەوکردن و لە ئەنجامدا ترشە ئەمینیەکان تێکدەشکێنێت و وزەی ماددە کیمیاییەکان بەرهەم دێنێت کە هۆکارە بۆ شێرپەنجە، لە هەمانکاتدا دەبێتە بەربەستێک بۆ دەردانی ژەهرەکانی نێو جەستە هەر وەک خواردنەوە کهولیەکان و جگەرە. جێگای ئاماژەیە ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان 60 تاکو 70 ساڵ دەبێت زیاتر توشیی نەخۆشیی شێرپەنجەی سورینچک دەبن کە نیشانەکانی بریتییە لە بەد هەرسکردن و بەقورسی قوتدانی خۆراک و سوتانە و کەمی ئارەزووی خواردن و دابەزینی کێش و ئێش و ئازار لە سەرەوەی سک و سینگ و پشت.



یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
XEBAT
زیانێک خەبات و ڕەنج و زەحمەتی تێدا نەبێت لەزەتیشی تیدا نابێت، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین بەرهەمی خەباتی (خەبات) و خەباتی تێکۆڕای میللەتی کوردە

پاڵەوانی سریلانکا لە دیدارێکی خەبات دا

ئاریدۆ: ئەوەی کە زۆر شانازی پێوە دەکەم بەشداریکردنم بوو لە دوو ئۆلۆمپیادی شەترەنج لەگەڵ هەڵبژاردەی سریلانکا



دیانە: هاوار مورتکەیی

ئاریدۆ باسنیاکی Iridu Udanthi Basnayake کچەشەترەنجزانێکی هەڵبژاردەی سریلانکایە و کاندیدی ماستەری کچانە، کە لە ساڵی 1995 لەدایک بووە و تا ئێستا دووجار لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری ئۆلۆمپیادی شەترەنجی کردووە، لەوێ دەرفەتێکی باشی بۆ دەڕەخسێ کە بڕوانامەی گراندماستەر بەدەست بهێنێت، بەڵام چەند هۆکارێک رووەدەن کە نەتوانی ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت، لەدیانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باسی هۆکارەکە و ژیانی وەرزشی خۆی و دەسکەوتەکانی دەکات.



پاڵەوانی سریلانکا

ئاریدۆ باسنایاکی دەڵێت: لە شاری کاندی سریلانکا لەدایک بووم، ئێستا قوتابی قۆناغی سێی کۆلێژی زانستیم، دەمەوێ سوپاسی باوکم بکەم کە فێرە شەترەنجی کردووم، کە مناڵ بووم لەبیرمە باوکم گوتی تۆ سیفاتی یاریزانی شەترەنجت تیادا هەیە چونکە کەسێکی لەسەر خۆیت، ئەوەبوو بەردەوام بووم و خۆشبەختانە سەرکەوتووش بووم، بۆیە دەتوانم بڵێم باوکم یەکەمین سەرپەرشتیار و ڕاهێنەرم بوو، یەکەمجاریش لە ساڵی 2003 بەشداریم لە پاڵەوانێتییە فەرمییەکاندا کرد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش یەکەمجار بەشداریم لە پاڵەوانێتی لاوانی جیهان کرد کە لە یۆنان بەڕێوەچوو، لەبارەی باشترین ئەنجامیشم دەتوانم بڵێم ئەوەی کە زۆر شانازی پێوە بکەم بەشداریکردنم بوو لە دوو پاڵەوانێتی ئۆلۆمپیادی شەترەنج لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی سریلانکا، و خۆشبەختانە نازناوی کاندیدی ماستەری کچانم بەدەستهێنا، لە ساڵی 2010 بوومە پاڵەوانی سریلانکا.

بۆچی گراندماستەری لەدەستچوو؟

هەروەها ئەو کچە سریلانکییە زیاتر گوتی: لە دووەم بەشداریکردنم لە ئۆلۆمپیاد بەهۆی لەدەستدانی سەبرم، کە لە راوندی کۆتایی زۆر لە بردنەوە نزیک بووم، بەڵام بەداخەوە دۆڕام و بەهۆیەوە هەڵبژاردەکەمان نەیتوانی میدالیاکە بباتەوە و نازناوی گراند ماستەریشم لەدەست چوو، لەوکاتەوە زۆر نیگەرانم و هەرگیز ئەممەم لەبیرناچێت، بەڵام کۆڵ نادەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە، ئێستاش لە هەفتەیەکدا 12 کاتژمێر ڕاهێنان دەکەم و دەمەوێت ئاستم بەرزتر ببێتەوە و ئامادەبم بۆ هێنانەدی خەونەکەم و بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر بۆ وڵاتەکەم.

فێری دان بەخۆداگرتن

لەکۆتاییدا ئاریدۆ کە خاوەنی ریتینگی 1709ی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجە لەبارەی شەترەنجەوە گوتی: شەترەنج زۆر هاوکارم بووە لە بونیاتنانی کەسایەتیم، فێرە دان بەخۆداگرتن و چۆنێتی بیرکردنەوەی کردووم، هەرگیز واز لە شەترەنج ناهێنم، شەترەنج بۆتە ژیانم و ئێستاش شەترەنج لە وڵاتەکەماندا لە پێشکەوتنی بەردەوامایە، بەتایبەتیش کە لە قوتابخانەکاندا وا دەخوێندرێت، ئەگەرچی بۆ بردنەوە خۆم ماندوو دەکەم بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ ئەو یارییە بەردەوام دەبم ئەگەر نەگەمە خەونەکانیشم.

نایمار نامەیەکی کاریگەر بڵاو دەکاتەوە

نایمار کە بەهۆی پێکانەوە ماوەیەکە لەیاریکردن دوورکەوتۆتەوە، نامەیەکی کاریگەری بڵاوکردۆتەوە کە زۆر پەرۆشی پێوەدیارە بۆ گەڕانەوە و جاریکی تر یاریکردن.


نایمار لە والّی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام پۆستیکی کردووە و وێنەیەکی بەدرێسی هەڵبژاردەی بەڕازیل بڵاوکردۆتەوە، لە پۆستەکەیدا هاتووە: تۆپی پێ ژیانمە، بۆ ئەمەش بەختەوەری کردووم، ئامادەبوونم لەیەک یاریگاکان زۆر شتم لەبیردەباتەوە، لەبەر ئەوەی تام و چێژ لەناو یاریگا وەردەگرم، ئەو بەختەوەرییەی کە هەستی پێدەکەم نرخی نییە.

سەفین ڕەسول مەلا یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی هەولێر:

دڵخۆشم کە توانیم لە پێشبرکێی بریمەن پلەی یەکەم بەدەست بهێنم



خەبات: هێمن گردەچالی



سەفین مەسوڵ مەلا یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر لە لیدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باسی لە دواترین دەسکەوت و ئامادەکارییەکانی بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتووی لە وڵاتانی ئەوروپا رایگەیاند:

لەم ماوەی ڕابردوو بەشداریم لە دوو پاڵەوانێتیدا کرد لە شاری بریمەن بەناوی (39AOK-WINTERLAUFSERIE) وە لە 20-1- 2019 لە شاری ئارنسبورگ بەناوی (41LÜMMELLAUF) لە باکوری ئەڵمانیا، سوپاس بۆ خوا کە توانیم پلەی یەکەم بە دەست بهێنم بە پیی ئاست و تەمەنی خۆم، کە زیاتر لە 5000 بە شداربوو کێبرکێیان لەسەر پلەکانی یەکەم دەکرد بە پێی تەمەنە جیاوازەکان.

هەروەها گوتی: ئەوە جاری یەکەم نییە بەشداری لەمجۆرە پێشبرکێیانە دەکەم، لە ماوەی ڕابردووش بەتایبەتیش لە 4 ساڵی ڕابردوودا هەمیشە توانیومە لە پلەکانی پێشەوەی ئەو پاڵەوانێتیان بم، ئەگەرچی بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەش هێندە ئاسان نییە، چونکە مەرجی زۆری تیایە، لەهەمان کاتیش دەبێ باش خۆت بۆ ئامادەکردبێ، لێرەوە زۆر سوپاسی فەرماندەکانم دەکەم کە بەردەوام پشتیوانیم بوونە.

دواتر ئەو وەرزشوانە گوتی: ئێستا خۆم ئامادە دەکەم بۆ بەشداری کردن لە چەند پاڵەوانێتییەکی دیکە، کە ئەمساڵ لە سوید و ئەڵمانیا و نەرویژ بەڕێوەدەچن، بەو ئومێدەم ئەگەر پێکان ڕووبەڕووم نەبێتەوە بتوانم بەدەسکەوتەوە بگەڕێمەوە کوردستان.

ئاشلی بووە پاڵەوانی میامی



کچە یاریزانی ئوسترالی ئاشلی پارتی پۆلینکاری 11ی جیهان نازناوی ئافرەتانی لە ڕکابەرییەکانی پاڵەوانێتی میامی تێنسی کراوە بەدەستهێنا، پارتی توانی نازناوەکەی ئەمریکا بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لەیاری کۆتاییدا توانی بەسەر کچە یاریزانی چیکی کارۆلینا بلیسکۆڤای پۆلینکاری حەوتەم سەرکەوێت، بە ئەنجامی 6-7و ?3-6 هەروەها پارتی پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ژمارەی پێوانەیی کرد، کە توانیویەتی لە کۆی 14نازناوی 2019 تیایدا 14یاریزانی جیاواز بەدەستیان هێناوە، ئەمەش یەکەمین جارە لەمێژوو ڕووبدات.

بنزیمە توانی ژمارەیەک تۆمار بکات کە مێسی و ڕۆنالّدۆ نەیانتوانیوە



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە تیشکی خستۆتە سەر دەستکەوتێکی نایابی کەریم بنزیمەی هێرشبەری یانەی ریال مەدرید دوای تۆمارکردنی گۆڵەکەی لەتۆڕی یانەی هۆیسکا، لەیاری گەڕی 29ی خولی ئیسپانیا کەتیایدا بە 2-3گۆڵ سەرکەوتنیان تۆمارکرد، ڕۆژنامەکە لەڕاپۆرتەکەی ڕوونیکردەوە کە بنزیمە توانی پێش لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بەرشلۆنەو هاوڕێی پێشووی کریستیانۆ ڕۆنالّدۆ کەوتەوە کە نەیانتوانی ئەم ژمارەیە تۆمار بکەن.

بەتۆمارکردنی گۆڵ لەیانەی هۆیسکا توانیویەتی بەرامبەر هەموو ئەو تیپانە گۆڵ تۆمار بکات کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لەکاروانی یاریکردنی لالیگا، کە تیایدا بەرامبەر 34کابەری جیاواز گۆڵی تۆمارکردووە، هۆیسکا تاکە یانە بوو بنزیمە گۆڵی لێ تۆمار نەکردبوو، بەڵام لەیاری ڕابردوو توانی ئەنجامی بدات و ژمارەیەکی مێژوویی تۆمار بکات. ئەوەی جێگای سەرنجە گۆڵکاری مێژوویی خولی ئیسپانیا لیۆنێل مێسی نەیتوانیوە ئەمە ئەنجام بدات کە لەکۆی 40یانە تۆڕی تەنها ی 37یانەی هەژاندووە. هەروەها ڕۆنالّدۆ کە خولی ئیسپانیا جێهێشت لەکۆی 33یانە توانیویەتی گۆڵ لە 32یانە تۆمار بکات، کە یانەی لیگانێس بوو بەربەست لەبەردەمی. هەروەها بنزیما پێش هۆگۆ سانشێزی ئەفسانەی ریال مەدرید کەوتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەمەی دوایی سالانێکی زۆر بوو لەریال مەدرید، کە تیایدا تۆڕی 32یانەی هەژاند، بەڵام هێرشبەری فەرەنسی کۆی قوربانییەکانی بۆ 34یانە بەرزکردەوە.

گریزمان: هەموو سالێک ئەو پڕۆپاگەندانە دووبارە دەبنەوە

ئەنتوان گریزمان، یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا و هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، دووەمی خولی ئیسپانیا، هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر ئەو هەواڵانە ڕاگەیاند، کە ئەو بە چوونە ڕیزەکانی بەرشلۆنە لە وەرزی داهاتوو دەبەستنەوە. گریزمان لە بارەی دەنگۆیەکانی چوونی بۆ یانەکەی کەتەلۆنیا، لیدوانی بۆ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی دا و وتی:"لەو شتە ڕاهاتووم، کەمێکیش وەڕس بووم، بەهۆی دووبارە بوونەوەی لە هەموو سالێکدا". ئەو هێرشبەری هەڵبژاردەی کەلەشێرەکان وتیشی:"پێشبینی دەکەم بە شێوەیەکی باش، کۆتایی بە لیگا بێنین لەو وەرزەدا، دوای ئەوەی مالّئاواییمان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کرد". گریزمان لە بارەی دۆڕانیان بەرامبەر یۆڤانتس لە چامپیۆنس لیگ وتی:"دۆڕان بەرامبەر یۆڤانتس؟ شتێکی ناخۆش بوو، بەڵام هێشتا متمانەم بە تواناکانمان هەیە، دەشزانم تیپەکەمان پێویستی بە ئامادەبوونی من هەیە، بۆ ئەوەی بەیەکەوە لە بەشی کۆتایی بە وەرزەکە بێنین". شایستەی باسکردنە، چەندین ڕاپۆرت چوونی گریزمانیان بە چوونە ریزەکانی بلاوگرانا لە میرکاتۆی هاوینەی داهاتوو گرێداوە، بۆ ئەوەی بێتە شوێنگرەوەی گۆڵکاری ئۆرۆگوایی، لوویس سوارێز، لە هێلّی هێرشبردن ی بەرشلۆنەدا.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریی‌یەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 2. Apr. 2019 No: (5722)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەولێر.. لە ڕێورەسمێکی ئاهەنگ ئامێز پێنج کتێب بە خوێنەران ناسێنرا

ساسان عەونی: بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبانە پێداویستییەکی گرنگە بۆ واڵاکردنی ڕەهەندی تێگەیشتنی نێوانمان





خەبات: سابیر حوسێن

لە هۆڵی (چلّی بادەم) بەڕێوە چوو، لەمەراسیمەکەدا کتێبی پێنج نووسەر بەچاپ گەیّندراو وەک دیاری دابەشکران. دەستەیی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی، لەپاڵ کارو چالاکییە جەماوەری و پیشەییەکانی خۆی، ماوەی سالێک پتر پرۆژەی بەچاپ گەیاندنی کتێبی نووسەرانی گەنجی بە تێچوو بلاوکردنەوەو کۆمەکی بەئەستۆ گرتووە ، لەماوەی تەنها سالێکیشدا خۆشبەختانە 12 کتێبی نووسەرانی هەمە ئایدۆلۆژیای جیاوازی لەسەر ئەرکی دەستە بەچاپ گەیاندووە، بە واتایی ئەوەی هەر مانگی یەک کتێبی خستۆتە سەر خەرمانی کتێبە کوردییەکان، چالاکی ئەمجارەی پرۆژەی بەچاپ گەیاندنی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانیش بریتی بوون لەم کتێبانە:(دەست بە (بارزانی) یەوە بگرن، نووری بێخاڵی) ، (کۆبانێ، جان دۆست) ، (ئیسلامی سیاسی-فریودان و تیرۆریزم، شاخەوان برایم عەبدوڵڵا) ، (کۆمەڵی مەدەنی، ئاری ڕەفیق) ،

(ئەتەکێتی بەشداربوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی میدیایی).

دەربارەی بەچاپ گەیاندنی ئەو زنجیرە کتێبەی نووسەران، ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان دووپاتیکردەوە، کە خستنە بواری پراکتیکی پرۆژەی بە چاپ گەیاندنی کتێبی نووسەران، زیاتر بۆ ڕەخساندنی کەشی ئافراندن بووە بۆ ئەو گەنجانەی خودان هزری شاراوەن و پێویست دەکات زەمینە سازیان بۆ بکرێ وپاڵپشتی مادی و مانەوی بکرێن تاوەکو هێزی حەقیقی خۆیان لە ئەرزی واقیع پیشان بدەن، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش خۆی بە خاوەنی ئەم ئەرکە دەزانێ ، کە پاڵپشتی نووسەرانی کورد بکات ، پاشان هەریەک لەنووسەران (شاخەوان برایم، ئاری ڕفیق پوختەیەکیان لەسەرکرۆکی کتێبەکانیان بەخوێنەران ئاشنا کرد، لەدوومانهیدا لەگەڵ گۆرانی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی کۆڕان وکچانی سەنتەری ئاڵا کتێبەکان خرانە بەردید و دەستی ئامادەبوون.

هونەرمەندانی بادینان 60 ساڵەی «خەبات» پیرۆز دەکەن

ڕاپۆرت - موسلیم دزڵەمەری

ڕۆژنامەی خەبات هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە خزمەتی بە گشت بواڕەکانی کۆمەڵگا کردووە جگەلەوەی کە سەردەمی سیاسی و گرنگییەکی بڵاوکراوەی سیاسی سەردەمی بوو بەڵام هەمیشە بواڕەکانی تری نێو کۆمەڵگای کوردی بە ئەرک و خزمەتی نەتەوەی خۆی زانیوە بۆیە لە ساڵڕۆژی تەمەنی 60 ساڵەی (خەبات) هونەرمەندانی بادینان بەئەرک و پێویستی دەزانن هەست و سوپاسی خۆیان بۆ خەبات دەربڕین:

سەرەتا هونەرمەند عەبدولڕزاق باتی گوتی : من وەکو هونەرمەندێکی کورد 60 ساڵەی تەمەنی خەبات پیرۆز دەکەم کە پێموایە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی سەنگ وپتویستی سەردەمی گرنگی خۆی هەیە لە نێو ڕاگەیاندنی کوردی و جیهانیش لە گشت بواڕێکدا بە تایبەتی خزمەتکردن بە هونەرو هونەرمەندانی کورد بۆیە چاوی گشت کارمەندانی خەبات ماچ دەکەم و هیوادارم گۆشەی زیاتری هونەریش زیاد بکەن.

هەروەها کاوە زاخۆیی گوتی: هاوڕێمە لەخۆشی و ناخۆشیدالەگەڵمدابووە،خۆم تایبەتمەندیم لەعودە، بەڵام لە ئۆرگ وساز و جمبوش باشم.

*** مەرجە عازف لەهەموو ئالەتەکان شارەزابێت؟**

– مەرج نییە عازف هەموئامێرێک بژەنێت، یەک ئامێر بەباشی پەرەی پێ بداو بیژەنێت باشترە لەدوو سێ ئامێر.

*** هۆکاری نەمانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان لەناوخەڵک لەسەرزاری خەڵک بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

– زۆربوونی هونەرمەندان و میوزیکژنان وگۆڕگری خراپ، بەداخەوە ئەمڕۆهەر کەسێک گۆرانییەک دوو گۆرانی دەڵێت لەستودیۆفلتەرێک لەگۆرانییەکی دەدرێ وبڵاوەدەکرێتەوە.

*** وەکو لاوێک خەون بەچییەوە دەبینیت؟**

– تا بتوانم خزمەت وبەرهەمی جوان پێشکەش بکەم.

*** شەهیدان و پێشمەرگە لەکوێی خەونی داهاتووی تۆن؟**

– هەمیشە لەزۆربەی ئاهەنگ و چاوپێکەوتن ناوی پێشمەرگەو شەهیدان لەسەر زارمەو هەمیشە دەڵێم بێ پێشمەرگەوبێ شەهید ئێمە هیچ نین.

*** بەکارهێنانی ئافرەت لە کلیپەداچۆن سەیردەکەیت؟**

بەکارهێنانی ئافرەت لەکلیپدا ئاساییە ، بەڵام لەچوارچێوەی تەمەنی پڕ لە خزمەتی ڕۆژنامەی خەبات بەڕاستی وەک چۆن لەسەرەتای دامەزراندنیەوە خەبات ، خەباتی کردووەو پێشەنگی خزمەتی ڕاگەیاندنی کوردی بووە ئێستاش هەروایەو هیوادارم زیاتریش پێشبکەوێت و بە تایبەتی لاپەڕەی زیاتر بخاتە خزمەتی هونەرو هونەرمەندانی کورد دووبارە پیرۆز بێت و هەر سەرکەوتووبن لە کارە جوانەکانتان.

هەروەها محەمەد فەخری گوتی: پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ساڵڕۆژی تەمەنی خەبات دەکەم بەڕاستی خەبات ، خەباتی کردووە خەبات دایکی ڕۆژنامەی کوردیە خزمەتی گشت بوارو دەنگی نەتەوەی کورد بووەو ئێستاش بەردەوامە بۆیە داوایان لێدەکەم کاریان فراوانترو بە تایبەتی لایەنی هونەری بۆ ئەوەی زیاتر خۆمان و داواکاری و هونەری خۆمان لە ڕێگای خەباتەوە بگەیەنین بە خوێنەران و جیهانیش دووبارە بەرزو پیرۆز بێت و هەر سەرکەوتووبن لە کارە جوانەکانیان.

لەکۆتاییدا سەربەست زاخۆیی گوتی : پڕبەدڵ دەستی ماندووبوونی گشت کارمەندانی خەبات دەگوشم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم هیوادارم زیاتر دەنگی خزمەتی هونەری کوردی بکەن و لاپەڕەی زیاتر بۆ هونەرو داواکاری و کاری هونەرمەندان دابین بکەن، دووبارە پیرۆز بێت تەمەنی 60 ساڵەتان...

ماندووبوونی کارمەندانی خەبات لەبەرچاو بگرین و هەمیشە کاریان بەرزو پیرۆز بخەینە بەرچاومان دووبارە پیرۆزو سەرکەوتووبن لە کارە جوانەکانیان.

لەکۆتاییدا سەربەست زاخۆیی گوتی : پڕبەدڵ دەستی ماندووبوونی گشت کارمەندانی خەبات دەگوشم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم هیوادارم زیاتر دەنگی خزمەتی هونەری کوردی بکەن و لاپەڕەی زیاتر بۆ هونەرو داواکاری و کاری هونەرمەندان دابین بکەن، دووبارە پیرۆز بێت تەمەنی 60 ساڵەتان...



دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی

خەبات

(14) کۆتایی

قۆناغی دوای 2003

3-3

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دروشمی تایبەتیان بۆ خۆیان دانا، ئەم دیاردەیە لە دوای 2003 زیاتر سەری هەڵدا، بۆیە ڕۆژنامەی خەباتیش دروشمی (تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە)ی دانا، بیرۆکە و دروشمی سەرنووسەر نەژاد عەزیز سورمێ بوو، کە بۆ یەکەم جار لە ژمارە 2645ڕۆژی دووشەمە 15/10/ 2007 لە تەک لۆگۆی خەبات داندرا، ئەو شەوەی دروشمەکە داندرا، جۆرە ڕێورەسمێک بوو کە بەڕێوەبەری هونەری شکار نەقشبەندی خۆی دروشمەکەی لە شوێنی دیاریکراو دانا، سەرنووسەر نەژاد عەزیز سورمێ و هەردوو سکرتێری نووسین کەریم قادر و دڵشاد مستەفا وەسانی لەگەڵ بەڕێوەبەری هونەری بەدیار کۆمپیوتەرەوە بوون.

4ی نیسانی 2009 لە ڕێورەسمێکدا، بە ئامادەبوونی سەرۆک مسعود بارزانی و ژمارەیەکی زۆری نووسەر و مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان و لایەنە سیاسییەکان، یادی پەنجا ساڵەی دەرچوونی خەبات کرایەوە، هەر بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی تایبەت بە یادی پەنجا ساڵەی خەبات دەرچوو، چوار کتێبیش چاپکران، بریتی بوون لە چەند تەوەرێک کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکرابوونەوە، خەبات قسەکردن لەو بابەتانەی بە پێویست دەزانی، بۆیە لە تەوەرەکان ئازادانە قسەی لێکرا و بەشداربووان ڕا و پێشنیازی خۆیان خستەڕوو، چوار کتێبەکە بریتی بوون لە:(تۆپژی ناوەڕاست.. کانگەی ئینتیما ، گەنجان.. وزەی ئەمڕۆ و سبەی لە کوردستان لە کوێی هاوکێشەکاندان؟ ، ئیدارەیەکی دیموکراسی و بێ گەندەڵی، هەروەها دیوان و تابلۆ، کتێبی دوایی هەڵبژاردەیەک بوو لەو (دیوان) و (تابلۆ)یانەی لە نێوان 2008-2004 لە خەبات دا بڵاوکرانەتەوە، سروودێکیش بەناوی خەبات بە کۆرس لە لایەن پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر تۆمار کرا، کە شیعری نەژاد عەزیز سورمێ و ئاوازی فەرهەنگ غەفور بوو، لە یادەکە پێشکەش کرا و ساڵانە لە یادی دەرچوونی خەبات لە سایتی خەبات و فیسبوک بڵاودەکرایەوە، سروودەکە تایبەت نییە بە یادی 50 ساڵە، بەڵکو لە یادی پەنجا ساڵەی تۆمار کراوە.

لە 5/6/ 2012سەلام عەبدوڵڵا بووە سەرنووسەری خەبات، کە تا نووسینی ئەم چەند دێرە بۆ یادی 60 ساڵەی خەبات، بەردەوامە ، لەگەڵ دەست بەکاربوونی بارەگای ڕۆژنامەی خەبات گوازرایەوە میدیا سەنتەر، ماوەیەک لایەڕەکانی هەفتانە نەمان، بەڵام جارێکی دی دەرچوونەوە، کە ئەمانەن:(زانست و زانیاری، پەروەردە و خوێندن، ئافرەت، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، هزر و هونەر) ، هزر و هونەر پاشکۆیەکی هەفتانە بوو بەهۆی قەیرانی دارایی لە 2014 ڕاوەستا ، لە دوای 2014ەوە ڕۆژنامەی خەبات بەهۆی قەیرانی داراییەوە گرفتی زۆری بۆ دروست بوو ، کە زیاتر لە چوار ساڵی خایاند ، دوای ڕاپەڕین دژێترین ماوەی قەیرانی داراییە ڕۆژنامەی خەبات بەخۆیەوەی بینیبێت، چونکە لەلایەک وەزارەتی دارایی کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤاری لەلایەن دامودەزگاکانی حکوومەت ڕاگرت، لە لایەکی دیکەش مووچەی کارمەندان وێڕای پاشەکەوتکردن دەنگیش دەهات، بوودجەی ڕۆژنامەکەش لەولا بووەستێ کە لە نیوەی جارانی کەمتر بووەوە و زۆربش دواوەکەوت، قەیرانی دارایی لە یادی 60 ساڵە بۆ مەسەلەی بوودجە هەر وەک خۆیەتی، ڕۆژنامەنووس و کارمەندەکان لە ماوەی قەیرانیشدا شانیان دایە بەر ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامە.

مۆزیکژەن ڕۆڤان گۆرگیس بۆ خەبات :

پێویستە ئافرەت لەکلیپەکان وەک خۆی پیشان بدرێت نەک بشکێندرێیت



دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

ناوم ڕۆڤان گۆرگیسە لەشەقلاوە لەدایکبووم، هەرلەمندالییەوە خولیای هونەر بووم، لەزۆربەی چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداریم کردووە، تا چوومە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانم، 3 کلیپی گۆرانی سریانیم هەیە ، یەکەم کەس بووم کەگەشتێک بەناوی نیرگزو بەهار بکەم لەگەڵ ئەحمەد کاوانی کە تایبدا چەند گۆرانی فۆلکلۆرمان پێکەوە بەهەردوو زمانی سریانی وکوردی کلیپ کرد، پاش گۆرانیەکەدیسان گۆرانییەک بەناوی کورد سریو بەکوردی و سریانیم کلیپ کرد، ئەم موزیکژنە بەوجۆرە وەلامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.



*** بۆچی مۆسیقات هەڵبژارد؟**

– بۆیە مۆسیقام هەڵبژارد هەستمکرد کە ئەو بەهرە یەم تێدایەوەدەبێ پەرەی پێ بدەم.

*** عود،لای تۆچی دەگەیەنێت؟ جگەلەئامێری عود چی ئامێرێکی دیکە دەژەنیت؟**

– عود لای من نزیکترین ئامێرە بە دەنگی مرۆڤەوە ، ئەگەر بەباشی بژەنرێت دەتوانێت هەستی مرۆڤ بجوڵێنێت ، منیش هەوڵدەدەم هەستی خۆم بەو ئامێرە دەربڕم.

*** هۆکاری ئەوەی کە ژنان کەمتر ئامێری مۆسیقا دەژەنن چییە؟**

– بەداخەوە کۆمەڵگا ڕێگە بە ژنان نادات بەشێوەیەکی ئازاد ئامێر بژەنن ، ئەگەر ژنێک ئامێرێک بژەنێت ئەوا بەشێوەیەکی زۆر سنووردار دەبێت ، بۆیە ژنان کەمتر ئامێر دەژەنن.

*** ئایا ئەوە ڕاستە کە ژنان ناتوانن ببنە مۆسیقاژەن؟**

– ئەوە ڕاست نییە ، ژنان دەتوانن ببنە مۆسیقاژەن بەڵام بەهۆی ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگا بۆی دانا ژنان ناتوانن بەشێوەیەکی ئازاد ئامێر بژەنن.

*** بەشداریکردنت لە فێستیڤاڵی ئاشتی لە ئەمریکا چۆن بوو؟**

– بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی ئاشتی لە ئەمریکا بۆ من ئەزمونێکی زۆر گرنگ بوو ، چونکە ئەو فێستیڤاڵە لە ئەمریکا بەشداربووانی لە هەموو جیهانەوە هەبوو ، ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو بۆ من ئەوە بوو کە ئەو فێستیڤاڵە لە ئەمریکا بوو ، ئەمریکا وڵاتێکە کە ئێمە زۆر کەم دەرفەتمان هەیە بچینە ئەمریکا ، بۆیە ئەو دەرفەتە بۆ من زۆر گرنگ بوو.

*** هونەرمەند یەڵماز ئەیان گوتی:** پیرۆز بێت ساڵڕۆژی تەمەنی خەبات دەکەم بەڕاستی خەبات ، خەباتی کردووە خەبات دایکی ڕۆژنامەی کوردیە خزمەتی گشت بوارو دەنگی نەتەوەی کورد بووەو ئێستاش بەردەوامە بۆیە داوایان لێدەکەم کاریان فراوانترو بە تایبەتی لایەنی هونەری بۆ ئەوەی زیاتر خۆمان و داواکاری و هونەری خۆمان لە ڕێگای خەباتەوە بگەیەنین بە خوێنەران و جیهانیش دووبارە بەرزو پیرۆز بێت و هەر سەرکەوتووبن لە کارە جوانەکانیان.

لەکۆتاییدا سەربەست زاخۆیی گوتی : پڕبەدڵ دەستی ماندووبوونی گشت کارمەندانی خەبات دەگوشم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم هیوادارم زیاتر دەنگی خزمەتی هونەری کوردی بکەن و لاپەڕەی زیاتر بۆ هونەرو داواکاری و کاری هونەرمەندان دابین بکەن، دووبارە پیرۆز بێت تەمەنی 60 ساڵەتان...